مەحمود رەزا ئەمین

# شۆڕشی ئۆکتۆبەرو چارەنوسی چەند گەلێکی خۆرهەڵات

## ( راستکردنەوەی هەڵەیەکی باو )
## ١٩١٧-١٩٣٢

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری
سلێمانی ٢٠٠٢

مەحمود رەزا ئەمین
شۆڕشی ئۆکتۆبەرو چارەنوسی چەند گەلێکی خۆرهەڵات
سلێمانی ٢٠٠٢
زنجیرەی کتێبی بیر: (٨)
ژمارەی سپاردن: (٤٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٢
بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)

## چەند ووشەیەکی پێویست.

### خوێنەری بەڕێز..!

ئەم بابەتە لە ژمارەکانی ( ١٩، ٢٠ ) ی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (سیاسەتی دەوڵی)دا، بە دوو بەش بڵاو کرایەوە. لەبەر چەند هۆ بڵاوکردنەوەیم وەك نامیلکەیەك، وەك ئەمەی ئێستا لەبەر دەستتدایە بە پێویست زانی:

١ — بڵاوكردنەوەی لێكۆڵینەوەیەكی وا لە دوو ژمارەی (گۆڤارێكی وەرزی)دا، كە بەلای كەمەوە ماوەی نێوان ژمارەی ١٩، و ژمارە ٢٠، كە بە دوو بەش ئەم لێكۆڵینەوەیان تیا بڵاوكردۆتەوە، ٣ مانگە. ڕەنگە خوێنەر هەبێ چ لە كوردستان و چ لە هەندەران یەكێ لەو دوو ژمارەیەی هەبێ، ئەوی تریانی بەردەست نەكەوتبێ، بەوەش نزیك بە نیوەی لێكۆڵینەوەكەی لایە و نیوەكەی تری دەسنەكەوتووە. واتە ئەو خوێنەرە بە باشی لە مەبەستی من حاڵی نەبووەو بە نیوە ناچڵ و، ڕەنگە بە شێواویش لە بۆچونەكانم تێگەیشتبێ.

٢ — لەو دوو ژمارەیەی گۆڤاری سەنتەردا، كە لێكۆڵینەوەكە بۆ یەكەم جار لە واندا بەر خوێنەر كەوتووە، چەند پەرەگراف پەڕیون و، چەند ژمارەیەكی سەرچاوەكان بە هەڵە تۆمار بوون.

ڕاستكردنەوەی ئەو شتانەم بە پێویست زانین.

٣ — لێكۆڵینەوەكە لە كوردستان بڵاوبۆتەوە. سەنتەری لێكۆڵینەوە تا لە كوردستان بووم، بەڕێوەبەری بووم و، ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤارەكەش بووم و، لەوەتی لە ئەورووپاش ئەژیم، ئەو دەر ئەچێ و من هەوڵی زۆر ئەدەم بەرێك و پێكی ژمارەكانی بگەنە دەستم، ئەنجاش ناگەن. لەبەر ئەوە دڵنیام ئەو لێكۆڵینەوەیە نەگەیشتۆتە ئەورووپاش (مەبەستم كوردانی تاراوگەی ئەوروپایە). لێرە، لە ئەورووپا ئەگەر كەسێك مەبەستی بێ خزمەتی كێشەی ڕوای گەلەكەی بكا، ئەتوانێ سەرچاوەی بەكەڵكی لە مۆزەخانەكانی ئەورووپا دەسكەوێ. ووتم: بەڵكو كردنەوەی ئەم پەنجەرەیە كەسانی تر هانبداو لێرە چاكی مەردانەی لێهەڵكەن و، ئەو پەنجەرەیەی من كردومەتەوە، ئەوان بیكەن بە دەرگاو دەروازەو، بكەونە مشت و ماڵ كردنی بەڵگەنامەكانی ئەو سەردەمە. هیوادارم كارێكی باشم كردبێ.

**مەحمود ڕەزا**

**هۆڵندا — دێلفت**

١٩٩٩ / ٥ / ٣

## بەرایی

هاندەرم بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە :
١ - محمود اسماعیل محمود لە ژمارە (١٣٠)ی هەفتەنامەی (الاتحاد)دا وتارێکی بڵاوکردەوە (عودة الي العقل السياسي للبارتي - انهيار عام ١٩٧٥) لەو وتارەدا ناوی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاریکاری ١٦ ی ئاداری ١٩٢١ ی نێوان مۆسکۆ و ئەنکەرەی بە (اتفاقية لينين - كمال اتاتورك في ٦/ادار/١٩٢١) بڕوانە/ ٣٧، هێنابو. لەسەر ئەم قسەیە، مەلا حەسەن لە ژمارە (١٣٣) و ئەبو بەکر خۆشناو لە ژمارە (١٣٤)ی هەمان هەفتەنامەدا لێ ی ڕاست بوونەوە، گوایە (شتی وا لە مێژوودا رووی نەداوە و قسەی وا هەوڵە بۆ تێکدانی مێشکی میللەتەکەمان) بڕوانە: ٣٦/، یان (ناچێتە عەقڵەوە لینین لەگەڵ هیچ کەس و دەوڵەتێکدا لە دژی گەلێك ڕێکەوتنی ئیمزاکردبێ) بڕوانە:٤٩./
نوسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژمارە (١٣٩)ی هەمان هەفتەنامەدا وتارێکی بە ناونیشانی (نعم! وقع البلاشفة معاهدةصداقة و تعاون مع اتاتورك) بڵاوکردەوە تیایدا وەڵامی بۆچونی نازانستی ئەو سێ بەڕێزە درایەوە و لە کۆتایی وتارەکەش دا هاتووە (... لەبەرئەوە بە پێویستی ئەزانم سەر لە نوێ پراکتیکی لینین لە دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن بەلشەویکەوە، سەبارەت بە گەلی کورد، زانستی یانە و پراگماتیییانە، دور لە روکەش و لێکدانەوەی ئایدیۆلۆجی بخوێنرێتەوە، بۆ خزمەتی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد) بڕوانە:٤٦

٢ - رۆژی ١٩٩٥/٨/٩ د.محەمەد سابیر" نوێنەری حکومەتی هەرێم لە فەرەنسا، لە هۆڵی رۆشنبیری جەماوەری لە سلێمانی، کۆڕێکی سیاسی بەست بەناونیشانی (باری ئێستای مەسەلەی کورد لەرۆژئاوا.)

لەو کۆڕەدا سەبارەت بە دەور و رۆڵی یەکێتی سۆڤیەت لە سەر چارەنوسی کورد مشت و مڕ کەوتە نێوان نوسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە و حەمەشوان ڕەسوڵ ئەندامی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق. من دوو دەوری شۆڕشی ئۆکتۆبەر و یەکێتی سۆڤێتم لە سەر چارەنوسی کورد پێ خراپ و ئەویش پێی باش و بەحەماسەوە بەرگری لێکرد.....!

ئەو دو مەسەلەیە هانیان دام دەس بدەمە کارێکی وا و، ئەم لێکۆڵینەوەیەم بەرهەم هێنا کە بریتی یە لە چوار بەش، بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: کارکردی مەعنەوی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر:

- جوڵانەوەی کورد.
- جوڵانەوەی ئەرمەن.
- جوڵانەوەی ئازەر.
- جوڵانەوەی گەلانی ئێران بە گشتی.

### - بەشی یەکەم: کار کردی مەعنەوی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

مەبەست لە کارکردی مەعنەوی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەوەیە کە بە بێ ویستی ڕابەرانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئەم شۆڕشە چ ڕەنگ و دەنگێکی لەناو ڕیزی جوڵانەوەی رزگاریخوازانە و پێشکەوتنخوازانەی ئەم گەلانەدا داوەتەوە و، ئەم گەل و بزووتنەوانە چ هیوا و ئاواتێکیان بە کۆمەك و پشتیوانی یەکێتی سۆڤێت و دەسەڵاتی بەلشەویك هەبوو. لەم بەشەدا بۆچونی ژمارەیەك نوسەری بێگانە و زۆر لەو سیاسی و نوسەرە کوردانەم

هێناوەتەوە کە بە باشە باسی کار کردی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەکەن.
**بەشی دووەم: کارکردی مادیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر:**
-جوڵانەوەی کورد.
- جوڵانەوەی ئەرمەن.
- جوڵانەوەی ئازەر.
- جوڵانەوەی گەلانی ئێران بە گشتی.
لەم بەشەدا هەوڵمداوە بیسەلێنم کە ، شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەر ڕەنگدانەوەی لە لای گەلانی بابەتی لێکۆڵینەوەکە خۆشبووە، ئەگینا

دەسەڵاتدارانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و حکومەتی سۆڤێت بە کردەوە چ هەنگاوێکیان بە خێری ئەو گەلانە هەڵنەهێناوە.
**بەشی سێیەم: ڕۆڵی ڕوسیای سۆڤێتی لە یارمەتی دانی حکومەتی کەمالی و قاجاری دا.**
لەم بەشەدا بە وردی باسی ئەو کۆمەکە ئابوری، سیاسی، سەربازی، پسپۆڕی و لۆجیستیکی یانەم کردەوە کە حکومەتی ڕۆسیای سۆڤێتی پێشکەشی تورکیا و ئێرانی کردون بۆ ئەوەی خۆیان لەبەر گوشاری هاوپەیمانان و جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکانی ناو چوارچێوەی سنووری وڵاتەکانیان دا بگرن و هەڵنەوەشێن. دیسانەوە لە پێناوی بەرژەوەندی دەسەڵاتی بەلشەویك و روسیای سۆڤێتی دا.
لەبەشی چوارەم و کۆتاییش دا باسی بناغەی سیاسەتی دەرەوەی لینین و بەلشەویکم کردووە و هەوڵم داوە رونی بکەمەوە کە سیاسەتی دەرەوەی لینین و بەلشەویك لەسەر بناغەی مانەوەی دەسەڵاتی بەلشەویك و

پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی روسیای سۆڤێتی دارێژراوە و، ئایدیۆلۆجیا هیچ رۆڵێکی نەبووە لە رەنگ رشتنی هێڵەکانی ئەم سیاسەتە دا.
زۆرکەس و زۆر حزبی شیوعی، تا ئێستاش پێ یان وایە کە کارکردی

ئایدیۆلۆجیا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیێت لە دوای مەرگی لینین کالبۆتەوە، ئەگینا لە سەردەمی لینین دا ئایدیۆلۆجیا لە پلەی یەکەم دا بوە. بۆ وەلامدانەوەی ئەم بۆ چونە نازانستی یە، لەم لێکۆلینەوەیەدا بە تەنیا باسی سالەکانی ١٩١٧ – ١٩٢٣ م کردوە، واتە ئەو ماوەیەی کە لینین بەهێزترین دەسەلات و مەزنترین تەئسیری لەسەر بڕیارەکانی حکومەتی روسیای سۆڤیێتی هەبوە.

تێکڕا هەولم داوە بە پێ ی توانا وەلامی ئەم پرسیارە بدەمەوە: ئایا شۆڕشی ئۆکتۆبەر خزمەتی چارەنووسی ئەو گەلانەی خۆر هەلاتی کردوە کە لێکۆلینەوەکەدا ناویان هاتووە، یان زەرەری پێ گەیاندون؟

بەشی یەکەم

# کارکردی مەعنەوی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

کوردەواری کەوتە ژێر تەئسیری خەبات و بیروڕای دژ بە کۆلۆنیالیزم و پشتیوانیی رزگاری گەلان) ٤٥/١٠٢.

جەلال تالەبانی لە کتێبی (الحركة التحررية القومية الكردية) دا ئەلێ: "... شۆڕشی ئۆکتۆبەر چواردەوری روسیای راچلەکاند و ولاتانی دراوسێ یی رووناك کردەوە و، پالی نا بە نەتەوە زۆرلێکراوەکانی خۆرهەلاتەوە بەرەو شانۆی تێکۆشان و خەباتی نیشتیمانی، بەنەتەوەی کوردیشەوە..... هەروەك لەگەل بوژاندنەوەی هیوای گەلاندا جولانەوەی رزگاریخوازانەی نیشتیمانی ی لە خۆر هەلات داگیرساند، گەلانی خۆرهەلات بە کوردیشەوە راپەڕین و کەوتنە داواکردن لە هاوپەیمانانی سەرکەوتو بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو پەیمان و بەلێنانەی لە کاتی جەنگدا پێ یان دابون..... لەناو کوردانەدا هەندێ کەس پەیابوون هەوالەکانی

شۆڕشی ئۆکتۆبەر و حکومەتی سۆڤێت یان بڵاو ئەکردەوە. ئەمانە بە بەلشەویك ناویان دەرکرد، بەبێ ئەوەی بە دروستی لە مارکسیزم - لینینیزم یان بیروباوەڕی کۆمۆنیزم تێ بگەن. ئەمانە تاقمێك بوون زۆربەیان لەو دیلە کوردانەبوون کە بەلشەویکەکان ئازادیان کردبوون. لەناویاندا -جەمال عیرفان- ی خوێندەوار هەبوو کە، بە دەسیسەی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و کۆنەپەرستانی کورد لە سلێمانی - تیرۆریان کرد" ١٠٥/٢٣.

مێجەرسۆنی حاکمی سیاسی سلێمانی لە ساڵی ( ١٩١٩ ) دا ، لە بروسکەیەکدا بۆ ئارنۆڵد ویلسن ی حاکمی گشتی عێراقی ناردوە، وتوویەتی:

" بۆ بەدبەختی لێرە خەڵکی خەریکن لەناو و بیروباوەڕی بەلشەویك تێ ئەگەن: ١ /٨ ،

هەروەها بڕوانە: ٢٣/ ٥٠١ و ٢ / ٤٣١.

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی تر، سۆن لەو بروسکەیەدا ئەمەی بۆ ویلسن نووسیوە "ئێمە لە کاتێکداسەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی بەلشەویکەکان لە بەرچاو ئەگرین.... پێویستە ئەگەری سەرهەڵدانی هەل و مەرجێکی ئاڵۆزیش لە کوردستان فەرامۆش نەکەین"١٠٢/٣٣.

ڕائید نۆئیل یش لە ڕاپۆرتێکی دا بۆ عەقید ویلسۆن، لە بارەی نفوزی بەلشەویك لە کوردستان، بۆی نووسیوە "پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هەلومەرجی سیاسی ی دەرەوە بە شێوەیەکی بنچینەیی کار لە هەلومەرجی ناوخۆی ناوچە کوردی یەکان ئەکا.... ئیتر لێرە پلانەکانی بەلشەویك زانراون و، زیاد بوونی بەردەوامی نفوزی، تەگەرە بۆ سیاسەتی بەریتانیا لەم ناوچانە دروست ئەکا...ئەرکی سەرەکی ئێمە بریتی یە لە

رێگـەگرتن لـە هـاتنی بیروڕاکـانی بەلشـەویزم و سـەرکەوتن بەسـەر پرۆپاگەندەی تورکی ی ئیسلامیدا...." ۱۰۳/۳۳.

" بێجگە لە ناوچەی سلێمانی، لە کۆیەش تاقمێك هەبوون لەو دیلانەی لە روسیا ئازادکرابوون و گەڕابوونـەوە، پڕۆپاگەنـدەی خێریـان بـۆ حـوکمی سۆڤیاتی ئەکرد و لەناو خەڵکدا بە بەلشەویك ناسرابوون" ۱۰۵/۲۳.

بەگوێرەی ئەم سەرچاوەیە ئەم بروسکەیە لە شوباتی ۱۹۲۰ دا لێدراوە .

عبداللة الفیاض یش لە کتێبی (الثورة العراقیة الکبری) دا ئەڵێ "ساڵی ۱۹۲۱ ئەفسەری سیاسی شاری خانەقین لە یەکێك لە نووسراوە رەسمی یەکانی دا ووتویەتی: گوایە لەو ناوچەیەدا جۆرە جوڵانەوەیەکی بەلشەویکی لە ئارادایە ۱/ ۹.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر ناوبانگی ئەمەندە بە باشـە گەیشـتبووە کوردسـتان، مەلیك مەحمودی وا لێکرد لە ۱۹۲۳/۱/۲۰ دا نامەیـەك بـۆ کونسـوڵی روسی بەرزی سەرکەوتو لە تەورێز بنوسێ، تیایـدا نووسـیبوی "لـە سـاڵی ۱۹۱۷ دا بانگەوازی سەربەستی راستەقینە و رزگـاربوونی گـەلان گەیشـتە گوێ ی هەموو کەسێك لە جیهاندا، هـەموو میللـەتانی چەوسـێنراوی ژێـر چنگی زۆردار و تاوانبار بەوپەڕی شادمانییەوە راپـەڕین و کەوتنـە خـەبات بە هیوای ئەوەی کە بە هۆی مەبەستی پاکی روسەکانەوە هەموو ئەگەن بەو ئاوات و داخوازی یانەی کە بەتەمای بوون.... هـەتا ئـەڵێ... گـەلی کـوردی خـواروی کوردسـتان زۆر شـادمان ئـەبێ بـە دۆسـتایەتی و یارمـەتی ی حکومـەتی بـەرزی روس و ئامادەیـە لـە پێنـاوی سـەرگرتنی ئـەم دۆستایەتییەدا سەروماڵی خۆی بـەخت بکـا بـەو مەرجـەی بـە شـێوەیەکی رەسمی دان بنرێ بـە مـافی نەتەوایـەتیانا....هتـد" بڕوانـە: ۵/۴۱۹-۴۲۰، هەروەها ۲۳/۲۲۱، ۱۱/۲۲۳-۲۲۶.

شێخ مەحمود لە نامەیەکی دا بۆ نـاودارێکی کـورد نووسـیوێتی "بـرا

کوردەکانم، هاوخوێنەکانم ئاگادارتان ئەکەم و لێتان ئەپاڕێمەوە کە بڕوا بە کەس نەکەن بە دەوڵەتی سۆڤێت نەبێت.... هەر ئەوە و تەنها ئەوە پشتگیر و رزگارکەری هەموو میللەتان" ١/٩.

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لە وتاری (ئۆکتۆبەر و مەسەلەی کورد)دا ئەڵێ " شۆڕشی ئۆکتۆبەر کارێکی زۆری کرد سەر جوڵانەوەی ئازادی نەتەوایەتی میللەتی کورد"، لە هەمان وتاردا ئەڵێ " شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆسیالستی تیشکێکی روناك بو لەولای کوردستانەوە هەڵات کە دوێنێ و ئەمڕۆ و هەتا هەتایە رێگای ئازادی بۆ میللەتە چەوساوە و بێ مافەکەی ئێمەش روناکتر ئەکاتەوە" ١/١٢.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس لە باسی (مێژووی نەتەوەکەت- کۆمیتەی ئیستیقلالی کوردستان)دا ئەڵێ: " کۆنگرەی رۆژهەڵاتی ئیسلامی کە لە باکۆ (قەفقاسیا) لەساڵی ١٩٢١'ی زاینی دا بەسترابوو، ئەم کۆنگرەیە کوردستانی بە جارێك هوشیار کرد"١٢/٢١.

د. عەزیز شەمزینی لە کتێبی "بزووتنەوەی نەتەوایەتی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستان "دا ئەڵێ: "شۆڕشی ئۆکتۆبەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی رزگاریخوازانەی بوژاندەوە و هەلومەرجێکی وای بۆ خەباتی گەلانی رۆژهەلات رەخساند کە گوڕ و گەشەی پێ دان و سەقامگیری کردن. شۆڕشی ئۆکتۆبەر خەباتی گەلانی دو رۆهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکی بوژاندەوە. خەباتی گەلی کوردستان لە پێناوی رزگاری و سەربەخۆیی و پێشکەوتندا دژی داگیرکەران و ئیمپریالیستەکان بەهۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە بوژایەوە" ١١/١٤٧-١٤٨. شەمزینی لە جێگایەکی تری کتێبەکەیدا ئەڵێ: "دەوڵەتە ئیمپریالستەکان دەوری خنکێنەری بزووتنەوەی نەتەوایەتی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستانیان دیوە، بەلام خەباتی دلێرانەی گەلانی روسیا هەموو جیهانی هێنایە جۆش و گیانی شۆڕشگێرانەی هەموو گەلانی جیهانی رەهاکرد" ١١/١٥٣-١٥٤،

هەروەها ئەڵێ "دوای سەرکەوتنە مەزنەکەی حکومەتی کرێکاران و جوتیارانی روسیا و تێکشکاندنی دەستدرێژکەرەکان و، دوای ئەوەی کە حزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان هیچ ئومێدێکیان بە سیاسەتی ئینگلیز و فەرەنسە و ئەمریکا نەما، حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی

---

[1] د. عزیز الحاج لە کتێبی (القضية الكردية في العشرينات) دا شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە یەکێ لەو هۆیانە ئەزانێ کە " کوردەکانی هاندا و یارمەتی پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی دان و چەند هەنگاوێك بردنیە پێش" بڕوانە: ٢٤/١٥-١٦.

کوردستان پێوەندیان بە داوو دەزگاکانی حکومەتی سۆڤێتەوە کرد و بە ئاشکرا ئەوەیان روون کردەوە کە بەهیچ شێوەیەك باوەڕیان بە هەڵوێستی دەوڵەتە ئیمپریالستیەکان نەماوە و سۆزی خۆیان بۆ حکومەتی شۆڕشگێڕی روسیای سۆڤیەت دەربڕی کە لەو کاتەدا پشتگیری لە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردستان دەکرد.

ئەو حیزب و رێکخراوانە لەو بڕوایەدابوون کە ئەگەر هات و حکومەتی سۆڤیەت پشتگیری لە مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردستان کرد، گەلی کوردستان ئەتوانێ خەباتی خۆی بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەنجام بدا" ١١/١٥٥. لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسی دا کە، (ماکارنیکۆ قادیم) ی رۆژنامەنووس لە رۆنامەی (ئۆپۆپریمیای روسی) لەگەڵی کردووە، عەبدوللا ئوچئالان سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و رۆڵی لینین ئەڵێ: " مرۆڤ کە قسە لەسەر روسیا و گەلی روسی ئەکا، هەرگیز ناتوانێ یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن و زیندو فەرامۆش بکا، بەلام بەداخەوە ئێستا جۆرێك لە گەڕانەوە و پاشە کشە لەناو کۆمەڵێ روسی دا ئەبینین، ئەگەرچی ئەم گەلە بوە سەرچاوەی رووناکی زۆر و هیوای مەزن بۆ هەموو

گەلانی چەوساوەی دنیا...... پەیوەندیەکانی لینین لەگەڵ مستەفا کەمال، پەیوەندی تاکتیکی بوون، بەڵام ستالین کردنی بە سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤێتی" ٣/٣٤.

م.س. لازاریف لە بارەی دەور و تەئسیری شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە لەسەر کورد ئەڵێ: "بەهۆی شۆڕشە مەزنەکەی ئۆکتۆبەرەوە، مێژووی مرۆڤایەتی لە بنەڕەتەوە هەڵتەکا و گۆڕانێکی تەواوی بەسەردا هات. ئەمەش کارێکی تەواوی کردە سەر چارەنووسی گەلی کورد" ٩/٦٦٥-٦٦٦

لازاریف لە سەرچاوەیەکی تردا ئەڵێ " ئەوەی جێگەی بایەخ پێدانە ئەوەیە کە" گەلانی هەردو خۆرهەڵاتی ناوەند و نزیك، بەگەلی کوردیشەوە، لە ڕۆژانی یەکەمی دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆڤێتەوە، لە پشتیوانی مەعنەوی-سیاسی و دیبلۆماسی روسیای سۆڤێتی بەهرەمەند بوون " ٣١/٣٨.[٢]

لە کوردستانی باکور " قوماندانی فیرقە میرالای خالد بەگی جبری کە سەرۆکی خێڵی جبران بو، وە لەناوچەی موش- خنس (Henis - Mush) دانیشتبوو، لەساڵی ١٩٢١ی زایینی لە ئەرزروم کۆمەڵی پەنهانی (کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان) ی دامەزراند" ٢٠/١٢، ئەو خالد بەگە د. عەزیز شەمزینی لە کتێبی "بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ساڵی ١٩٢٢ دا، یاداشتێکی بۆ حکومەتی سۆڤێت نووسی و تیایدا وتویە: "لەبەرئەوەی کە پشتم بە یارمەتی ئینگلیز نەبەستووە لە پێناوی پێکەوەنانی کوردستانێکی سەربەخۆ، بڕیارم دا بە یارمەتی روسیای سۆڤێت لە پێناوی دەسگیرکردنی ئەو ئامانجەدا خەبات بکەم" ١٥٦/١١.

عبدالرحمن قاسملوش لە بارەی کارکردی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر کوردەکانی خۆرهەڵات ئەڵێ: " لە سێ ی دیسامبری ١٩١٧ دا بەیاننامە

[٢] ئەم سەرچاوەیە لە لاپەڕە ٣٠ –٣٤، لەژێر ناونیشانی لاوەکی (العامل الروسی)دا، وا باس ئەکا کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر خزمەتێکی زۆر گەورەی گەلانی خۆرهەلاتی کردوە: کورد، گەلانی ئێران بە گشتی. ئەم لێکۆڵینەوەیە

ئەو ئیدیعایانەی لازاریف یوچەڵ ئەکاتەوە.
بەناوبانگەکەی سۆوێت بۆ زەحمەتکێشانی موسوڵمان لە روسیا و رۆژهەلاتدا بلاوکرایەوە. ئەو بەیاننامە و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی سۆڤێت کە بە کردەوەش جێ بەجێ کرا، تەئسیری گەورەی شۆڕشی ئۆکتۆبەریان لە چارەنووسی نەتەوە زۆرلێکراوەکاندا بۆ نەتەوەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە ولاتە دراوسێکاندا روون کردەوە. ئەو رووداوە لە کوردستانی ئێران دا بە جۆرێك دەنگی دایەوە کە بە پێشنیاری سەربازە شۆڕشگێڕە روسەکان ساڵی ١٩١٨ لە شاری کرماشان چەند ئەنجومەنێك دامەزران. هەر لەو وەختەدا دەتوانین تێ بگەین کە شۆڕشی مەزنی سۆسیالستی ئۆکتۆبەر سیاسەتی یەکێتی سۆڤێتی بەرامبەر نەتەوەکان چەندی کار کردۆتە سەر جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی ی گەلی کورد" ١١/٥٣.

هەر لە "دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە شاری کرمانشاش کۆمەلێکی تایبەتی لەلایەن سەربازە روسەشۆڕشگێڕەکان و نیشتمان پەروەرەکانی ئەم شارەوە دامەزرێنراوە" ١/١٠، پەراوێزی ٣٠.

د. حامد عیسی محمود علی ش لە کتێبی "المشکلة الکردیة منذ بدایتها حتی عام ١٩٩١)دا ئەلێ: "ئەو دەنگەی بەرپابوونی شۆڕشی روسی لە کوردستان بەگشتی دایەوە، گەورە بوو. بە دەستپێشکەری سەربازە شۆڕشگێڕەکانی روس چەند (سۆڤێتات)ێك لە کوردستان، لە

کرماشان له ساڵی ١٩١٨ دا دامەزران" ٤٣/٨٠.
" له ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەمیش دا هەندێك لە رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی شاری ساوجبولاق-شاری سابلاغ یان مهاباد، م.ڕ- پەیوەندیان لەگەڵ رێکخراوێکی نەهێنی – سوسیال دیموکرات- ی ناو هێزەکانی سوپای روسی دا کە لە ناوچەکەدا بوون، بەستبوو. هەر ئەمە رێگای خۆش کرد بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی سیاسی نەهێنی پێشکەوتنخواز لەم شارەدا بە چەند مانگێك پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، وە ئەم کۆمەڵە هەر زوو دروشمی ئازادی کوردستانی هەڵگرت"١/٥. تەئسیری مەعنەوی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەموو کوردستانی داگرتبوو، بۆیە " لە کوردستانی باکوریش حزبی سوسیال دیموکراتی کوردی[٣] ژمارەیەك (سۆڤێتات)ی دامەزراندبوو"٢٠/٩٩.
بەگوێرەی یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی ش، لە دەمەدەمی کونگرەی ئاشتی پاریس دا "خالد بەگ و هاوڕێکانی لەگەڵ روس دا پەیوەندییان بەستبوو، وە داوای یارمەتیان لێ کردبوو"١٣/٧٩. بەگوێرەی هەمان سەرچاوە: خالد بەگ بە ئەحمەد تەقی وتووە: "عەرزی ئیسماعیل ئاغا بکە -سمایل خانی شکاك، م.ڕ -کە لەلای خۆیەوە هاوکاری زیاد بکات، هەروەها هەوڵیش بدات کە پەیوەندی لەگەڵ روسدا ببەستێ بەڵکو یارمەتیەکمان بدەن" بڕوانە ١٣/٧٩.
ئەحمەد تەقی کە بەنامە و راسپاردەی خالد بەگەوە گەیشتۆتە لای سمایل خان، سمایل خان رای سپاردووە کە بە نوێنەرایەتی خۆی بچێتە لای " قونسوڵی روس لە ورمێ و بەناوی ئەوەوە داوای یارمەتی و دۆستایەتی کوردەکانی ئێران و تورکیا و عێراقی لێ بکا" بڕوانە ١٣/٨٠. سمایل

---

[٣] تائێستا هیچ سەرچاوەیەك باسی هەبونی – حیزبی سۆشیال دیموکراتی

کوردی- نەکردوە.د.عبدالستارطاهر شریف یش لە کتێبەکەیدا ناوی ئەم حیزبەی نەهێناوە. ئەمە یەکەم سەرچاوەیە باسی حیزبێکی کوردی ئاوا بکا. نوسینی کەندالە کەشارەزایی باشی لە سەر کوردستانی باکور هەیە.
خان بە ئەحمەد تەقی وتووە: بە قونسولی روس بلێ: "سمایل خان پەیمان و قسەی کوردی هەموو پارچەکانی پێ سپێرراوە و ئەگەر روس ئامادەیە یارمەتی کورد بدا، با کوردیش خۆی ئامادە بکا" بڕوانە ١٣/٨٠. "
سمایل ئاغای سمکۆ، یەکێ لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی شکاکی کوردی[4]، کە لە ناوچەکانی تەرگەوەڕ - لە سەرچاوەکەدا نوسراوە: قوتور، م.ڕ- و مەرگەوەڕ و، برادۆست دا نیشتەنی بوون، رابەرایەتی بزوتنەوەی کوردەکانی ئێرانی کرد، کە ئامانجی دامەزراندنی(کوردستانی سەربەخۆ)ی لە پێش چاو دانا بوو.... سمکۆ ویستی دەسەلاتی خۆی بکێشێ بەسەر ئەو عەشیرەتە کوردانەی نێوان سنوری تورکیا و دەریاچەی ورمێ دا نیشتەنی بوون، بۆ ئەوەی ناوچەیەکی گەورە لە خۆرهەلات و باکوری خۆرئاوای دەریاچەکە، بە شارەکانی ورمێ و سەلماس و خوی شەوە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. هەولدانی بۆ دەرکردنی ئیدارەی ئێرانی لە ناوچە کوردیەکان هانی دا تەئیدی ڕێکخراوی ئەنجومەنی دیموکراتی بکا کە لە کوردستان دامەزرا.
سمکۆ پەیوەندی پتەوی لەگەڵ شێخ مەحمودی خیابانی سەرکردەی بزوتنەوەی دیموکراتی ئازربایجانی ئێرانیش دامەزراندو، پاش ئەوەی چەکدارێکی زۆری کۆکردەوە توانی جێی خۆی لە ناوچەی باکوری کەناری دەریاچەی ورمێ قایم بکا، لەوێشەوە باڵی کێشا بەسەر ئەم شارانەدا:

---

[4] لەم ناوچەیە هەر کورد عەشیرەتی شکاکی هەیە، نەتەوەکانی تر (فارس،

ئازەر، تورك، عەرەب،..هتد)عەشیرەتی "شکاك"یان نی یە، لە بەر ئەوە وشەی پاشگری (کوردی) بۆ عەشرەتی شکاك زیادەیە.
ساوجەبلاق(مەهاباد)، ماکۆ، خوی، تەرگەوڕ- لەسەرچاوەکەدا نوسراوە: قوتور،م،ر- ،دیلمان، سەقز، سەردەشت، بانە و بۆکان. سمکۆ دەستی کرد بە سەرلەنوێ ڕێکخستنی سپا، بۆ ئەوەی پێشمەرگە دەرەبەگی یەکان بکا بە یەکەی نیزامی و توانی لەسەر حسابی ئەو چەکانەی سپای ڕوس لە کاتی کشانەوەی دا بە جێ ی هێشتبوون و، ئەوانەی لە هێزە دۆڕاوەکانی ئێران بەجێ مابوون، باروتخانەکانی خۆی پڕ بکا لە چەك) ٣٣/١٣١-١٣٢ .

(( لە کۆتایی تەموزی ساڵی ١٩٢١ یشدا لە کوردستانی ئێران (کۆنگرەی سەرکردەکانی کورد) بەسترا و،بەشداربووانی کۆنگرە بەڵێنیان دا لە پێناوی مافە زەوتکراوەکانیان دا درێژە بە خەبات بدەن.)) .٣٣/١٢٧

جەلیلی جەلیل و کۆمەڵێ شارەزای تریش لە کتێبی( الحركة الكردية في العصر الحديث) دا ئەڵێن (( دوای ساڵی ١٩١٧،لە کاتێکدا لە ژێر کارکردی شۆرشی ئۆکتۆبەری سۆشیالستی مەزن دا، بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەیی گەلانی خۆرهەڵات بە توندی هەڵچوو، جەماوەری گەلی کوردستانیش خەباتی نەتەوەیی- رزگاری خۆی، لە دژی چەوسێنەران توند تر کرد))٣٣/١٠٣.

لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی سەرەوەدا، دەرئەکەوێ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە گەرمەی ڕوداوەکانی و لە ساڵانی سەرەتای تەمەنی دا تەئسیری مەعنەوی گەورەی لە جوڵانەوەی کورد کردووە. بۆ کورد بۆتە مایەی چاو لێکردن و هیوا، بۆ پشت پێ بەستنی بەرە و سەرکەوتن.

**١- ٢ لەسەر جوڵانەوەی ئەرمەن:**

گەلی (( ئەرمەن یەکێکە لە گەلە هەرە کۆنەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست. وڵاتی ئەرمەن" ئەرمینیا" ئەرمەنستان، کەوتۆتە سەرووی سەرچاوەکانی فورات، لای گۆمی وانەوە، واتە لەگەڵ کوردستان دراوسێ یە.

گەلی ئەرمەن هەر لە زووەوە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ و ژیاری تایبەتی و پێشکەوتوی خۆی بووە. یەکەم دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمەن سەدەی شەشەمی بەر لە دایك بوونی مەسیح دامەزراوە. ئەم گەلە بە ئاین مەسیحییە و، زمانی ئەرمەنی وەك زمانی کوردی، سەر بە خێزانی زمانە هیندۆ ئەوروپی یە سەربەخۆ دێرینەکانە.

سەربەخۆیی وڵاتی ئەرمەن زۆر نەژیاوە، هەر زوو سەربەخۆیی لە دەست داوە و کەوتۆتە ژێر دەستی بێگانەوە و خاکی نیشتمانی بۆتە بەشێك لە وڵاتی ڕۆمان و چەند جارێك کەوتۆتە ژێر دەستی ئێرانی یەکانەوە و، لە ساڵی ٣٨٧ دا لە نێوان دەوڵەتی ساسانی ئێران و دەوڵەتی بێزەنتی دا دابەشکراوە.

لە سەرەتای سەدەی هەشتەمەوە، ئەرمینیا بووە بەشێك لە دەوڵەتی عەرەبی-ئیسلامیی. لە ناوەندی سەدەی یازدەوە دیسان کەوتەوە ژێر دەستی بێزەنتێکان و ئینجا سەلجوقێکان. تەتەر و مەغۆلەکانیش لە ناوەندی سەدەی سیازدەدا گەلێك سەرگەردانی و کاول کاریان بۆ هێنا. لە نێوان سەدەی شازدە و هەژدەدا ئەرمینیا بوە یەکێك لە مەڵبەندە گرنگەکانی ناکۆکی و شەڕی داگیر کەرانەی نێوان تورکیای عوسمانی و ئێرانی سەفەوی. ساڵی ١٦٣٩ش ئەرمینیا بە یەکجاری دابەش کرا:

ئەرمینیای خۆرهەڵات خرایە سەر دەوڵەتی سەفەوی و ئەرمینیای خۆرئاواش درایە دەوڵەتی عوسمانی. لە ئەنجامی ژێرکەوتنی ئێران لە جەنگەکانی ساڵانی ١٨٢٦-١٨٢٨ی نێوان ئێران و ڕووس، بەگوێرەی پەیمانی تورکمانچای ١٨٢٨، ئەرمینیای خۆرهەڵات بووە بەشێك لە ڕووسیا.

لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەریش ئەرمەنستان هەر بە دوو پارچەیی

مایـەوە: بەشـێکی لـە چوارچـێوەی یـەکێتی کۆمـارە سۆسیالیسـتەکانی سۆڤێت دا(کۆماری ئەرمینیای سۆڤێتی) و بەشەکەی تریشی تا ئێستا لـە ژێر چەپۆکی تورك دایە.

گـەلی ئەرمـەن هەمیشـە لـە خـەبات و بزوتنـەوەدا بـووە بـۆ بەدەسـت هێنانیێ سەربەخۆیی. لەنیوەی دووەمی سەدەی نـۆزدەدا ئـەم بزوتنـەوەیـە لـە ئەرمینیای خۆرئاوادا زۆر بەهێز بـوو لـە چـەند ڕاپـەڕینێکی چـەکدارانەدا خۆی نواند. لەساڵی ١٨٦٢ دا جوتیارەکانی ناوچەی زەیتون ڕاپـەڕینێکیان دژی جەورو ستەمی عوسمانییەکان بەرپا کرد. ساڵانی ١٨٧٨و١٨٨٤ هـەر خەڵکی ئەم ناوچەیە دوو جاری تـر راپەڕینـەوە. سـاڵی ١٨٨٦یش خـەڵکی وان[٥] ڕاپـــەڕین. عوسمانیێکـــان زۆر بەتونـــدی ئـــەم ڕاپەڕینانـــە و هـــەموو بزوتنەوەیەکی تری ئەرمەنیان وەك گەلەکانی ژێر دەستیان دامرکانەوە.

لەبـەر دڕنـدەیی عوسمانییـەکان و جیـاوازی ئـاین لـە نێوان ئەرمـەن و عوسمانییەکانـدا و، یـەك ئـاینی ئەرمـەن و روس ئەرمـەن هەمیشـە لـە جەنگـەکانی نێـوان روس و تورکـدا، لایـەنگری روسـەکان بـوون. ئەمـەش بۆخۆی هۆیەك بـوو بـۆ دڕندایـەتی عوسمانیـەکان لـە بەرامبـەر ئەرمەنـدا.

---

[٥] وان ناوچەیەکە لە ناوچەکانی کوردستانی باکور، ئەم دەربڕینەی د.کەمال مەزهەر، وا ئەگەیەنیێ کە (وان) هی ئەرمەن بیێ.

نەتەوەی ئەرمـەن هەمیشە لە خەباتدا بووە بۆ بەدەست هێنانی سـەربەخۆیی و دامـەزرانـدنی دەوڵـەتی نەتـەوەییی خـۆی: لـە چـارەکی کۆتـایی سـەدەی نۆزدەدا بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەرمەن لە چوارچێوەی دوو حیزبـی سیاسـیدا مـەیی کـە بـریتی بـوون لـە ((پـارتی گنچـاك سـاڵی ١٨٨٧، لەلایـەن دەستەیەك قوتابی ئەرمەنەوە لە جنێف دامـــەزرێنرا، ئەم حیزبە خـــۆی بە

حیزبێکی مارکسی دادەدنا و ئەیویست لە رێگەی خەباتی چەکداریەوە دەوڵەتی سەربەخۆ و یەکگرتووی ئەرمەن دامەزرێنێ..
دووهەمیشیان حیزبی داشناك بوو. ئەم حیزبە لە ساڵی ١٨٩٠ دا دامەزرا و بریتی بوو لە حیزبی بۆرجوازی نەتەوەیی ئەرمەن و خەباتی ئەکرد بۆ : رزگاری ئەرمەن لە دەست زوڵم و زۆری دەوڵەتی عوسمانی و بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمینیا، لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بە رێگەی خەباتی چەکداری)) بڕوانە.. ٣/ ٨٩-١٢٣.
هەشتا رۆژ دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر واتە لە ((٢٩/ کانوونی یەکەمی ١٩١٧ دا، حوکمەتی روسیای سۆڤێتی مەرسومێکی لەبارەی ئازادی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی ئەرمینیای خۆرئاواوە دەرکرد..... ئەو مەرسومە داوای: پێکهێنانی حوکمەتێکی گەلی کاتی بۆ ئەرمینیای خۆرئاوا کردبوو، کە لەسەر بناغەی هەڵبژاردنی دیموکراتیی سۆڤێتاتەکانی نۆێنەرانی گەلی ئەرمەن دامەزرێ)) بڕوانە: ٣٥/١٦٩ و ١٧٠
(( لە ١١/ کانوونی دووەمی/١٩١٨ شدا حوکمەتی سۆڤێتی بڕیارێکی لەبارەی ئەرمینیای تورکییەوە دەرکرد و بە دەق ئەمەی تیا ووترابوو: ئەنجومەنی نوێنەران، بۆ گەلی ئەرمەنی رائەگەێنی کە، حوکمەتی کرێکاران و جوتیاران لە روسیا، تەئییدی مەسەلەی ئەرمەن و مافەکانیان (لە ئەرمینیای تورکیا) کە روسیا داگیری کردووە، ئەکاو، بواریان بۆ ئەرەخسێنێ حوکمەتی خۆیان پێك بهێنن و سەربەخۆیی خۆیان بە هێز بکەن ...هتد.
هەر ساڵی ١٩١٨ لە ١٣ ی مانگی نیسان دا حکومەتی سۆڤێتی بەیانێکی نارەزایی دەرکرد و تیایدا نارەزایی لە دەست پەلاماری سپای تورك بۆ سەر ئەرمینیا دەربڕی و رایگەیاند کە دەست درێژییەکانی سپای تورك بۆ سەر ئەرمەن سەرچاوەی نەهامەتییەکی بێ سنوورن)) بڕوانە:

١٧٠/٣٥ و١٧١.
لـه ئـەيلولی سـاڵی ١٩٢٠ دا سـپای تـورك جـارێكی تـر ئـەرمینیای داگیركردەوە. لیـنین سـەبارەت بـەم داگیركردنـە، لـە خوتبـەی ٩/ تشرینی یەكەمی ١٩٢٠/ دا ووتی: ((توركەكان تەعەدایان لە ئەرمینیا كرد بۆ داگیركردنی باكۆ و باتۆم و، ئـەركی پاراسـتنی بـەرەی قـەوقاز و راگـرتنی شاڵاوی سپای تورك و یارمەتی دانـی گـەلی ئەرمەنیشـی خسته ئەسـتۆی فەرماندەیی بەرەی كافكاس)) بڕوانە: ٣٥/١٧٢.
بەهۆی ئەم هەڵوێستەی بەلشـەویك لـە كێشـەی ئەرمـەن، بەهاوتـەریبی یەكتر دوو مەسەلە لە ئەرمینیا ولای گەلی ئەرمەن سەریان هەڵدا:
یەكەم: پەیدابوونی نفـوزی بەلشـەویك لـە نـاو ئەرمەنەكانـدا و دروسـت بوونی حیزبی شیوعی ئەرمەن.
دووهـەم: گەڕانـەوەی ژمارەیـەكی زۆر لـە ئـاوارە و دەربـەدەربووەكانی ئەرمەن كـە سـاڵانێكی زۆر بـوو لـە ترسـی قـەتڵ و عـامی عوسمانیـەكان وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتبوو.
(( سەرەنجام بەهۆی یارمەی سپای سوری سۆڤێتییەوە، حیزبی شیوعی ئەرمـەن تـوانی بـەر لەشـاڵاوی داگیركەرانـەی تـورك بگـرێ و لـە شـاری ئەسـكەندەر پـوڵ و ناوچـەی شیراك دەری پـەڕێنێ و هێڵـی شـەمەندەفەری یەریڤان-تەفلیس ئازاد بكا و كۆماری ئەرمینیای سۆسیالیستی سۆڤێتی رابگەیێنێ)) بڕوانە: ٣٥/ ١٧٢-١٧٣.
ئەم كۆماری ئەرمینیایـەی لـە سـاڵی ١٩٩١ دا سـەربەخۆیی خـۆی لـە یەكێتی كۆمارە سۆسیالیستەكانی سۆڤێت راگەیاند، بەری ئەوكاتەیە.

## ١ - ٣ ، لەسەر جوڵانەوەی ئازەر

(( هەتا سەرەتای سەدەی نـۆزدە شـوێنی نیشـتەنی ئازەرەكـان كـە بـە ئازەربایجـان ناسـراوە، لـەناو قەڵـەمڕەوی دەوڵـەتی ئێـران و دەسـەڵاتی

بنەماڵەی قاجارەکاندا بوو. بەڵام لە ئەنجامی دوو خولی شەڕی گەرمی نێوان ئێران و روس، کە لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٨٠٣ - ١٨١٢ و ١٨٢٦-١٨٢٨ دا روویان دا، ئێران بەشێکی زۆری قەڵەمڕەوی خۆی لە باکوری خۆرئاوا لەکیس دا و بەگوێرەی هەردوو پەیماننامەی گولستان لە ١٨١٣ دا و، تورکمانچای لە ١٨٢٨ دا، ئازربایجانی باکور و گورجستان و داغستان و ئەرمەنستان کەوتنە ناو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی تزاری روسییەوە و ئاوی ئاراس بووە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت)) بڕوانە: ١٥/٤١١-٤٤٨.

کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر روی دا حیزبی شیوعی ئازربایجانیش سەری هەڵدا و بەو دەستورەی ئەرمینیای خۆر هەڵات بووە کۆماری سۆسیالیستی ئەرمینیای سۆڤیتی، ئەمیش بوو بە کۆماری سۆسیالیستی ئازربایجانی سۆڤیتی و نەریمان نەریمانۆڤی سکرتێری حیزبی شیوعی ئازربایجانی سۆڤیتی بوو بە سەرۆکی ئەم کۆمارە.

ئازربایجانی ناو قەڵەمڕەوی ئێرانیش وەك بەشێك لەم وڵاتە خەڵکەکەی لە روداوەکانی ئێراندا دەوریان هەبووە.

((خەڵکی ئەم هەرێمە لە دەمەدەمی بەرپابوونی شۆڕشی مەشروتە و قۆناغەکانی پەرەسەندنی دا (١٩٠٥-١٩١١) دەوری گرنگ و کاریگەریان هەبوە. ستارخان و باقرخان کە دوو رابەری بزووتنەوەی جەماوەری ی بوون لە ئازربایجان، لە دژی محەممەد عەلی شا و دواتر ئەحمەد شای کوڕی، لە گەرمەی روداوەکانی شۆڕشی دەستوری دا دەرکەوتن. هەروەها محەمەدی کوڕی حاجی عەبدول حەمیدیش کە لە مێژووی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی ئێران و ئازەردا بە شێخ محەمەد خیابانی ناسراوە، لە شۆڕشی مەشروتەدا دەوری هەبوو. لەبەر دەوری ئاشکرا و

بەرچاوی لەم شۆڕشەدا، لە ترسی گرتن هەڵات و چوە داغستان. لە وێ کەوتە ژێر تەئسیری بیروڕای سۆسیال دیموکراتەکان و، باوەڕی وای لێ هات کە ئەبێ دەسەڵات لە دەستی گەل دا بێ بۆ خزمەتی هەژاران. لەگەڵ بەرپابونی جەنگی جیهانی یەکەم دا، خیابانی گەڕایەوە بۆ ئێران و، بە گورڕتر لە جاران، کەوتە خەبات و تێکۆشان و، لە کۆتایی ئابی ١٩١٧ دا کۆنگرەی دامەزراندنی، بە ئامادەبوونی ٤٨٠ نوێنەر، بەست و، (حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان)ی دامەزراند.

شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیستی بووە هۆی وەرچەرخانی گەورە لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی ئازەردا لە ئێران. کشانەوەی هێزەکانی ڕوسیە لە تەبرێز و ئەردەبیل و ناوچەکانی تری ئازەربایجان، هەلومەرجی جوڵانی سیاسی باشتری بۆ ئازەری یەکان خولقاند. هەروەك شۆڕشی ئۆکتۆبەر بووە مایەی ڕودانی وەرچەرخانی فیکری لە گۆشە نیگای سیاسی ڕادیکاڵەکانی ئازەردا و، بەم هۆیەوە حیزبی دیموکراتی ئازربایجان دروشمی دامەزراندنی سستمی سۆشیالیستی بەرز کردەوە و، داوای لە جەماوەر کرد بێتە پێشەوە و بەشداری لە بەڕێوەبردنی حوکم دا بکا.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، خراپ بوونی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ناڕەزایی جەماوەر، هەلومەرجێکی شلۆقیان لە ئێران خولقاند و ناڕەزایی جەماوەر و، مانگرتنی کرێکاران زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە. ئەو هەلومەرجەو تەئسیری شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر خیابانی و حیزبەکەی، بونە هەوێنی ڕاپەڕینێکی تازە لە هەرێمی ئازربایجان و شێخ محەمەد خیابانیی ڕابەری حیزبی دیموکراتی ئازربایجان و ڕابەری بزوتنەوەی خەڵکی ئەم هەرێمە لە ٩ / نیسانی / ١٩٢٠ دا لە کۆبونەوەیەکی جەماوەری دا ڕایگەیاند کە: ویلایەتی ئازربایجان پەیوەندی

خۆی لەگەڵ دەستەڵاتی ناوەندی دژ بە دیموکراسی دا ئەپچڕێنێ.

شۆڕشـــگێڕەکانی ئازربایجـــان لـــە ٢٤ / حـــوزەیرانی / ١٩٢٠ دا حکومەتێکی تایبەت بە خۆیان دامەزراند و، ناوی- ئازادیستان- یان نا لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان. ئامانجەکانی ئەو حکومەتە ناوچەیی یە لەم چوار خاڵەدا چڕکرابونەوە:

یەك/ هەڵگێڕانەوەی سیستمی پاشایەتی و، دانانی سیستمی کۆماریی دیموکراتی لەجێگەی.

دوو/ کۆتـــایی هێنـــان بـــە پاشـــکۆیەتی ئێـــران بـــۆ دەوڵـــەتانی کۆلۆنیالیستی گەورە.

سێ/ دانی خودموختاری بە ئازربایجانی ئێران.

چـوار/ دانـی ئـازادی یـە دیموکراسـیەکان و، ئـەنجام دانـی ڕێفـۆرمی ئابووری و رۆشنبیری و هی تر.

بەڵام کاربەدەستانی ئێران بەناوی دانوستانەوە، بـە فێڵێکـی زیرەکانـە توانیـــان لـــە پـــەلامارێکی کـــت و پـــڕدا، لـــە مـــاوەی نێـــوان ١٢-١٤/ئەیلولی/١٩٢٠ دا ئەم حکومەتە ناوچەیی یە تەفروتونا بکەن، شێخ محەمەد خیابـانی بکـوژن و، دەسـەڵاتی بـەزۆری قاجاریـەکان بگێڕنـەوە بـۆ ئازربایجان) بڕوانە: ٢٥/٢٠٢-٢١٨.

**١ — ٤ لەسەر جولانەوەی گەلانی ئێران بە گشتی:**

ولاتـــی ئێـــران لـــە ســـەردەمی شۆڕشـــی مەشـــروتەوە جولانەوەیـــەکی پێشکەوتنخوازانە لە ناو هـەناوی خەڵکەکـەی و لـەناو ڕیـزی بزووتنـەوەی نیشتیمانی ی دا سەری هەڵدابوو، وە کەوتبوە نەش و نما. ئەگەرچی محەمەد عەلی شا و دواتر شـا ئەحمـەدی کوڕی توانیـان بـە ئـاگر و ئاسـن بـەر بـە پەرەسـەندنی خێـرای جولانەوەکـە بگـرن، بـەڵام نـەیانتوانی هەلومـەرجی

بابەتی مانەوەی ئەو جولإنەوەیە و نارەزایەتی خەڵك لە حكومەت و دام و دەزگاكانی بە گشتی، بگرن.
بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەكەم و داگیركردنی بەشێكی زۆری ئێران لە باكورەوە لەلایەن روسیای تزاری و، لە باشوریشەوە لە لایەن بەریتانیاوە، بەبێ ئەوەی حكومەتی ناوەندی ئێران هیچ كاردانەوەیەك پێشان بدا، تا ئەهات رقی خەڵكی لە دەسەلإتدارانی تاران زیاتر ئەكرد.
سەركەوتنی شۆرشی ئۆكتۆبەر و كشانەوەی بێ قەید و شەرتی سوپای روسییە لە (كانونی دوەم- ئازاری ١٩١٨)٣١٨/٢٢ لەو ناوچانەی لە باكوری ئێران داگیری كردبون، فەسادی ئیداری و مالی، لاوازی و بێ دەسەلإتی حكومەت و تەسلیم بونی بە ویستی حكومەتی ئینگلیز و ئیمزاكردنی رێكەتننامەی ١٩١٩ لەگەڵ بەریتانیا، لەو هۆ و فاكتەرانەبوون كە پەرەیان بە تورەیی و نارەزایی جەماوەردا.
حیزبی دیموكراتی ئێران كە (لە سالّی ١٩٠٩ دا دامەزرا بو) ٤٩/٤٧ لە سازدانی خەڵك و دژایەتی كردنی سیاسەتی دەوڵەت و بەتایبەتی لە دژایەتی كردنی رێكەوتنی سالّی ١٩١٩* ی نێوان ئێران و بەریتانیادا، دەوری هەبوو. حیزبی دیموكرات و گەلانی ئێران بەگشتی دژی رێكەتننامەی ٩ / ئابی / ١٩١٩ بوون، چونكە ئەم رێكەوتنە بەكردەوە ئێرانی ئەكردە (ولآتێكی ماندێتی بەریتانیا) ٣٢٢/٢٢، لەبەرئەوە نارەزایی لە دژی ئەم رێكەوتننامەیە لە سەرانسەری ئێراندا پەرەی سەند و (وثوق الدولة) ی سەروەزیر ناچار بوو لە كۆتایی هەمان سالّدا دەس لەكار بكێشێتەوە. بەڵام لەباتی ئەو، بە پشتیوانی رەزاخان، كە لەو كاتەدا ئەستێرەی لەناو سوپای ئێراندا كەوتبوە درەوشانەوە، قوام السلطنة وەزارەتێكی نوێ ی پێكهێنا. محەمەد تەقی خان بسیان كە ئەندامێكی چالاكی حزبی دیموكرات و كابرایەكی دیموكرات خوازی بەرچاو روون و

دژی نفوز و دەسەڵاتی هێزە ئیمپریالیستی یەکان بوو لەسەر ئێران و، لەناو سپاش دا پلەی کۆلۆنێل بوو" هاتنی قوام السلطنة بۆ جێگەی (وثوق الدولة) ی زۆر پێناخۆشبو.

* ئەم ڕێکەتننامەیە لەلایەن وثوق الدولة [ی سەروەزیری ئیرانەوە ئیمزا کرا. بە گوێرەی ئەم ڕێکەوتننامەیە:

١ - هەموو وەزارەتخانە و دائیرەکانی ئێران راوێژکاری ئینگلیزیان بۆ دانا.

٢ - ئەبوو سپای ئێران لەژێر چاودێری ئەفسەرانی ئینگلیزدا خۆی پۆشتە بکاتەوە و، هەر لەژێر چاودێری ئەواندا ئەفسەر و چەك و تفاقی پێویست بۆ سپای ئێران دابین بکرێن.

٣ - ئینگلیزەکان بەڵێنیان دا ئەگەر راوێژکارانی ئینگلیز کاروباری مالی ئێران بگرنە دەست، ئەوان قەرزی پێویست ئەدەن بە ئێران.

٤ - پێشنیار کرابوو (لەسەرچاوەکەدا پێشبینی نوسراوە- م.ڕ) کۆمیتەیەکی تێکەڵاو لە ئینگلیزی و ئێرانی دروست بکرێ بۆ چاوگێڕانەوە بە تاریفەی گومرگی ئێراندا.

٥ - بەریتانیا ئەتوانێ ڕێگەی ئاسن و هۆکانی تری پەیوەندی لە ئێران دابمەزرێنێ. بەریتانیا بێ ئەوەی چاوەڕێ بکا ئەنجومەنی ئێران ئەم ڕێکەوتننامەیە بخاتە دەنگەوە و (تصدیق)ی بکا. کەوتە جێ بەجێ کردنی بەندەکانی. بڕوانە: ٢٢/٣٢١-٣٢٢، بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: ٤/٣٣١-٣٣٣.

(وثوق الدولة) پیاوی ئینگلیز بوو. لەبەرئەوە لە حکومەتی تاران راست بۆوە و لە هەرێمی خۆراسان شۆڕشی ڕاگەیاند و ئەم هەرێمەی لە حکومەتی مەرکەزی دابڕی. بەمەبەستی راپەڕاندنی کاروباری هەرێمەکە و

پاراستنی دەسکەوتەکانی ئەم جولاّنەوەیە، محەممەد تەقی خان - لیژنەی نیشتمانی- پێکهێناو، جەختی کرد کە ئەبێ نوێنەری هەموو توێژە نیشتمان پەروەرەکان لەم لیژنەیەدا هەبن.

ئەگەرچی تەمەنی ئەم ڕاپەڕین و لیژنەیە کورت بوو (لە ۲۱/نیسانی ۱۹۲۱ دا کۆشکی شاو ڕەزا خان بە پیلانێك محەمەد تەقی ڕابەری ڕاپەڕینەکەیان کوشت و ، پاش ماوەیەك لە کوژرانی -لیژنەی نیشتمانی- یش لە بەریەك هەڵوەشاو، حوکمەتی تاران دەستەڵاتی گەرایەوە بۆ خۆراسان) بەڵام سەرەڕای کورتیی تەمەنی، هەندێ ئیجرائاتی باشی ئەنجام داوە، وەك:

- ئیلغا کردنی هەندێ باج.
- بەخشینی جوتیاران لەو قەرزانەی دەرەبەگەکان لەسەریان هەیانبو.
- سەپاندنی باجی نەقدی و عەینی بەسەر موڵکدارەکان دا.
- دروستکردنی -سندوقێکی نیشتمانی- بۆ پارە، کە پشتی بە یارمەتی نیشتمانپەروەران و زەوت کردنی موڵك و ماڵی موڵکدارەهەڵاتوەکانی هەرێمەکە بەستبو.
- کردنەوە و قیرتاوکردنی هەندێ ڕێگاوبان بە یارمەتی جەماوەر.
- دروستکردنی خەستەخانە بۆ چارەسەر کردنی هەژاران و خەڵکی دەست کورت بە خۆڕایی.
- دروستکردنی قوتابخانە و لانە بۆ هەتیوان.(بڕوانە:٤٧/٥١-٥٢ و هی تر).

سەرەڕای ئەو تەئسیرە مەعنەوی یەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر ووزەو ورەی ئازادی خوازانی ئێرانی دانا بوو. (( ڕوسیای سۆڤێتیش بە توندی دژی ئەم ڕێکەوتنە بو چونکە نفوزی ئینگلیزی ئەهێنایە سەر سنوری خوارووی)) بڕوانە:٤/٣٣٣.

لەو دەمەدا لە هەرێمی ئازەربایجانیش ڕاپەڕینی خیابانی کە پێشتر باسمان کرد، لە کەف و کوڵ و هەڵچون دا بوو، هەر ئەو دەمە ((ڕۆژنامەی- تجدد- ی حیزبی دیموکراتی ئازربایجان و شێخ محەمەد خیابانی ڕابەری بزوتنەوەکە، لە نوسین و خوتبەکانیدا، بە ئاشکرا دژایەتی ڕێکەوتننامەی ٩/ئابی/١٩١٩ یان ئەکرد)) بروانە ٢١٧/٢٥.

بزوتنەوەی کوردیش کە لە سەردەستی سمکۆدا لە جۆش و خرۆشدا بو، دژی ئەم ڕێکەوتننامەیە بو، ئەم پەیمانە (( هەمان پەیمانە کە مس بێل پێی وایە دوای بەستنی، ئیتر سمکۆ هیچ هیوایەکی بە پشتیوانی ئینگلیز نەما لە تەقەلاکانی کورد، بۆ پێکهێنانی جۆرێ لە یەکێتی نەتەوایەتی لە نێوان کوردەکانی ئێران و عێراق و تورکیا)) بڕوانە:٤/٣٣٣.

ئەم دژایەتییەی گەلانی ئێران بۆ ئەم ڕێکەوتننامەیە هەروا لە خۆوە نەبو، بەڵکو سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ئاشکرا کردنی هەمو پەیماننامە نهێنی یە ئیمپریالیستی یەکان و، کشانەوەی سپای ڕوس لە باکوری ئێران و، تەئسیری بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەی بەلشەویکەکان لەسەر خەڵك و ئازادیخوازانی ئێران، پێکەوە وایان کرد ئەم ڕێکەوتنە بەو شێوەیە دژایەتی بکرێ و، سەرەنجام ((حکومەتی مەرکەزی تاران نەیتوانی جێ بەجێی بکا)) بڕوانە:٢٢/٢٢٢.

ئەگەر بزوتنەوەی کورد بە ڕابەری سمکۆ و، هی ئازەر بە ڕابەری شێخ محەمەد خیابانی و، هی خۆراسان بە ڕابەری محەمەد تەقی خان، بزوتنەوەی ناوچەیی بوون، ئەوا هەر لەو دەمەدا شۆڕشێکی گەورەتر لە باکوری ئێران، لە گێلان و مازندەران لە جۆشو خرۆش دا بو، کە لە مێژوی سیاسی ئێران دا بە شۆڕشی جەنگەڵ ناسراوە و، میرزا کوچك خان ڕابەرایەتی ئەکرد..

ئەم شۆڕشە بە ماوەیەکی کەم دوای سەرکوت کردنی شۆڕشی مەشروتە

بەرپا بو. شۆڕشی جەنگەڵ (( لە ساڵی ١٩١٢ [٦] ەوە دەستی پێکرد و لە

[٦] فاضل رسول پێی وایە ئەم شۆڕشە لە ١٩١٥ دا دەستی پێکرد. بڕوانە: ٤٧/٢٩-٣٠.

ساڵەکانی ١٩٢٠-١٩٢١ دا کۆمارێکی دیموکراتی دامەزراند....بەڵام تەنها دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ناوەڕۆکی جوڵانەوەکە قوڵ بۆوەوە، بە ڕادەیەك هەندێك لە سەرۆکەکانی توانیان لە نرخی بەرەی نیشتمانی یەکگرتو لەگەڵ هێزە هەرە ڕادیکاڵەکانی کۆمەڵدا تێ بگەن)) بڕوانە:١/١١.

ئەم شۆڕشە حیزبێکی بەناوی خۆیەوە هەبو،کە -حیزبی جەنگەڵ- ی پێ ئەوترا. بەرنامەی خەباتی ئەم حیزبە لەسەردەمی شۆڕشی جەنگەڵ دا، بەرنامەیەکی پێشکەوتنخوازانەی مۆدێرن بوە. (( ئەم بەرنامەیە لەسەردەمی شۆڕشی جەنگەڵ دا بڵاوکرایەوە و، لە ناوچە ئازادکراوەکاندا کاری پێ ئەکرا، گەلێ نیاز و دید و بۆچونی پێشکەوتنخوازانەی تیادیاری کرابو وەك:

- دەسەڵات لە دەست نوێنەرانی گەل دا ئەبێ.
- هەمو کەسەکان لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن بە بێ لە بەرچاو گرتنی دین و ڕەگەز.
- ئازادی نیشتەجێ بون و سەفەر و، پاراستنی حورمەتی کەسەکان و ماڵان، لە هەر جۆرە دەسدرێژی یەك.
- ئازادی بیر و ویژدان و کۆبونەوە و بڵاوکردنەوە و کار و قسەکردن و مانگرتن.
- یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا لە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان

دا.
- ژن و پیاو مافی وەك یەکی یان هەبێ لە دەنگ دان و هەڵبژاردن دا.
- بە گشتی کردنی موڵکداریێتی هەمو سەرچاوەکانی سامان وەك: ئاڵتون و پارە، ڕوبارەکان، لەوەڕگا و جەنگەڵەکان، دەریاکان، میتاڵەکان، ڕێگاوبان و شەقامەکان و کارگەکان.
- خوێندن بۆ هەمو منالاّن بە خۆڕایی.
- نەهێشتنی حەپس و کاری قورس و گۆڕینی بەندیخانەکان بە قوتابخانەی پیران.
- دروستکردنی خەستەخانەی گشتی بۆ خزمەتی خۆڕایی.
- دیاری کردنی سەعاتی کار بە ٨ سەعات لە ڕۆژێکدا و یەك ڕۆژ پشوی کار لە هەفتەیەك دا و)) بڕوانە: ٤٧/٩٩-١٠١، زۆر شتی تر.
(( لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەوری جوتیار و کرێکار لەم شۆڕشەدا زیادی کرد)) بڕوانە:٤٧/٣٠-٣١ و هەر لەژێر تەئسیری سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بەرەی یەکگرتو لەم هێز و حیزبان دروست بو:
- حیزبی شیوعی بەسەرۆکایەتی سلطان زادە.
- شۆڕشی گیلان یان حیزبی جەنگەڵ بە سەرۆکایەتی میرزا کوچك خان.
- حیزبی سوسیالت (تاقمی احسان الله خان).
- ڕێکخراوی کرێکارانی کشتوکاڵ و هەژارانی لادێ بەسەرۆکایەتی خاڵۆ قوربان.
- هەندێ شەخسیەتی سەربەخۆ و دەسڕۆیشتوی تر.
بەرەش ئەنجومەنێکی بالاٚی پێکهێنا بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری شۆڕش کە

بـریتی بـو لـه:مـیرزا کوچـك خـان، احسـان اللـه خـان و مـیر جەعفـەر بیشەوەری)) ٤٧/٤٢-٤٣.
لـە نیـوەی یەکـەمی سـاڵی ١٩٢٠ دا شۆڕشـی جەنگـەڵ لـە ڕێگـەی-ڕۆتشتین-ی باڵوێزی سۆڤێتی یەوە لە ئێران، لەگەڵ سـۆڤێت ڕێکـەوت. لـە خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتنە:
(( ١ / .............
٢ / دامەزراندنی کۆمارێکی شۆڕشگێڕانە لە ئێران.
٣ / .............
٤ / دانـــی موقـــەدەراتی شـــۆڕش بـــە دەســـتی ئـــەم حکومەتـــە و دەسوەرنەدانی سۆڤێت لە کاروباری ئێران.
٥/ .............
٦ / دانی چەك بە شۆڕش لە لایەن سۆڤێتەوە بە پارە.
٧ / هەمو دامەزراوە بازرگانی یەکانی ڕوسیە لە ئێـران و هـەمو ئـەو -معـدات-ەی سـوپای ڕوسـی دەسـتی گرتـوە بـە سـەریان دا ئـەدرێن بـەم کۆمارە شۆڕشگێڕە.)) بڕوانە: ٤٧/٣٢.
لە دوای بەستنی ئەم ڕێکەوتنە هێزەکانی کوچـك خـان و احسـان اللـە خـان پـەلاماری شـاری ڕەشـت یـان داو دەسـتیان گـرت بەسـەریا و لـە حـوزەیرانی ١٩٢٠ دا - حکومـەتی شۆڕشـگێڕی کـاتیی گـیلان- یـان ڕاگەیاند و ئەم چوار خاڵەیان وەك پرنسیپەکانی ئەو حکومەتە ڕاگەیاند:
(( یەك/ هەڵوەشـاندنی سیسـتمی پاشـایەتی و ڕاگەیانـدنی سیسـتمی کۆماری.
دو/پاراستنی گیان و موڵکی هەمو هاوڵاتی یان.
سێ/ بەتاڵکردنـەوەی هـەمو ئـەو پەیماننامـە و ڕێکەوتنانـەی زەرەر لـە

بەرژەوەندی یەکانی ئێران ئەدەن.
چوار/ حکومەت تەئکید لە یەکێتی ڕەگەزی بەشەر و یەکسانی ئەکا و، لە هەمان کات دا تەئکید لە پاراستنی نەریتە دینی یەکانیش ئەکا.)) ٣٢/٤٧.

ئەم حکومەتە نەیتوانی بەرنامەکەی جێ بەجێ بکا و هەڵوەشا. لەبەر ئەوە لە کۆتایی مانگی تەموزی ١٩٢دا حکومەتێکی نوێ بەسەرۆکایەتی احسان الله خان ڕاگەیەنرا. زۆربەی ئەندامەکانی ئەم حکومەتە سەر بە حیزبی شیوعی و تاقمەکەی خالۆ قوربان بون، لەبەر ئەوە بەرنامەیەکی زۆر رادیکاڵی تریان لە بەرنامەی حکومەتی پێشو ڕاگەیاند، کە بریتی بو لە:

(( - ڕێکخستنی سپای ئێران لەسەر شێوەی سپای سوری سۆڤێتی.

- پەلاماردانی تاران و ڕزگارکردنی.

- سڕینەوەی- امتیازات- ی مولکدارەکان و دەستگرتن بەسەر ئەرزەکانیاندا و نەهێشتنی سیستمی عەشایەری.

- بە پیرەوەچونی داوا سەرەکییەکانی کرێکارانی شار و کرێکارانی کشتوکاڵی)) بڕوانە:٤٧/٤٤.

لەبەر سەرەڕۆیی و توند ڕەوی و چاوکردنی زۆری لە دەستەڵاتی سۆڤێتی، ئەم حکومەتە کەوتە هەڵەی گەورەوە و هێزەکانی گورزی کایگەریان بەرکەوت. لەبەر ئەوە ئەمیش زۆر نەژیا زو هەڵوەشا. پاشان بە گوێرەی ڕێکەوتنی هەمولایەك- لیژنەی شۆڕشگێڕ- بۆ ڕێبەرایەتی شۆڕش لە: میرزا کوچك خان، حیدر عمو ئۆغلۆ، احسان الله خان و، خالۆ قوربان محەمەدی، دروستکرایەوە و لە ٤/ئابی ١٩٢١ دا حکومەتێکی شۆڕشگێر لە گەیلان پێکهێنرایەوە. بەڵام بە مردنی کوچك خان لە تشرینی

دووەمی ١٩٢١ دا، کۆتایی بە ژیانی کۆماری شۆڕشگێڕی گێلان هات))
بڕوانە: ٤٧/٤٤-٤٦.

سەرکردەکانی شۆڕشی جەنگەڵ فارس و ئازەر و کوردیان تیابو ((خالۆ قوربان کە یەکێك بو لە یارمەتیدەرە نزیکەکانی کوچك خانی سەرۆکی ئەم جولاِنەوەیە، کوردبوە)) ١/١١.

---

[7] لە راستیدا میرزاکوچك خان نەمرد، کوژرا.

بەشی دووەم

# کارکردی مادیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

(( ڕاگەیاندنی چوار مادەیی مافی نەتەوەکانی ڕوسیا کە لە ١٥/ تشرینی دوەمی/١٩١٧ دا، لە لایەن ڕابەری شۆڕشەوە دەرچو، ئاوازێکی خۆش و نەبیستراو بو لە پەیوەندی و پەیوەستەگی ئینسانی نوێ دا، بە گوێی تەواوی مرۆڤایەتی دا ئەی چرپاند.......

- کاڤالام مادهاڤا پانیکار-ی پیاوی سیاسی هند لە بارەی ئەم ڕاگەیاندنەوە نوسیوێتی: (( تەقینەوەیەك بو لە ناو تەواوی نەتەوەکانی ئاسیا کە شەیدای ئازادی بون.ئومێدێکی بێ سنوری لەلا دروست کردن))
بڕوانە: ٢٢/٣٢٣-٣٢٤.

(( لە ٥ ی کانونی یەکەمی/١٩١٧ش دا بە ئیمزای لینین بەیانێك بۆ گەلانی ئیسلامیی بلاٖوکرایەوە)) بڕوانە: ٤/٢١٦-٢١٧ تیایدا گەلێ مژدەی خۆش بەو گەلانە دراوە)).

(( لــه ٢٩ ی حــوزەیرانی ١٩٢٠ دا لیژنــەی تــەنفیزی کــۆمینترن بانگــەوازێکی ئاڕاســتەی- جــەماوەری چەوســاوە لــە ئێــران و ئــەرمینیا و تورکیاکرد.

ناوەڕۆکەکــەی هــەمو گــەلانی خۆرهــەڵاتی ئەدواند بــۆ- یەکخســتنی خەباتی کرێکاران و جوتیارانی خۆرئاوا لەگەڵ خەباتی گەلانی خۆرهــەڵات لەدژی دوژمــنی هاوبەش)) بڕوانە:٢٩/٢٠٦.

لــە ئــەنجامی ئــەو بانگــەوازەدا (( ڕۆژی ١/ئــەیلولی/ ١٩٢٠ یەکــەم کۆنگرەی گەلانی خۆرهــەڵات لــەژێر دروشمــی- ئــەی کرێکــاران و گــەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەککگرن- دا، لە شاری بـاکۆی پایتــەختی ئازربایجـانی سۆڤێتی کرایەوە))[8] بڕوانە:٢٩/٢٠٥.

بۆندرایفسکی لە بارەی تەئسیری شۆڕشــی ئۆکتۆبــەرەوە لەســەر گــەلانی خۆرهەڵات ئەڵێ (( شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەری مــەزن تەئســیرێکی ئێکجـار گــەورەی لــە هــەمو خۆرهــەڵات کــرد.....وە دەســتی دۆســتایەتی و برایەتی بو هەمو گەلانی خۆرهەڵات درێژ کرد)) بڕوانە: ٣٠/٢٧١.

---

[8] ئەو چەند پەرەگرافەی سەرەوە لە چاپەکەی ژمـارە ( ٢٠ ) ی گۆڤـاری سـەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیدا، یەریون.

وەك لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دا ئامــاژەی بـۆ کـراوە، زۆر نوسەر و ئەکادیمیسینی کوردی وسۆڤێتی و ئەرمەنی و عەرەبی و فارسی و هی تریش، هەمان ڕا و بۆچونی بۆنداریفسکی یان هەیە لەســەر کـارکردی باشەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر گەلانی خۆهەڵات و ئاسیا بەگشتی. بـەڵام ئاخۆ ئەم بۆچونە ڕاستە؟

## ٢ - ١ / لەسەر چارەنوسی کورد

دکتۆر عەزیزی شەمزینی ئەڵێ: (( لەساڵی ١٩٢٢ دا، خالید بەگ کە یەکێك بو لە ڕابەرانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان- لە تورکیا،م.ڕ- یاداشتێکی داوە بە حکومەتی سۆڤێتی و تیایدا وتویە: لەبەر ئەوەی کە پشتم بە یارمەتی ئینگلیز نەبەستوە لە پێناوی پێکەوەنانی کوردستانێکی سەربەخۆدا، بڕیارم دا بە یارمەتی ڕوسیای سۆڤیەت لە پێناوی دەسگیرکردنی ئەو ئامانجە خەبات بکەم.

ڕوسیای سۆڤیەتیش لە پای ئەو یاداشتەی خالید بەگ دا، ئەم وەڵامەی داوەتەوە: کۆمیسارییای گەلی ی کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت دوای لێدوان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێودەوڵەتان بڕیاری دا دەست وەرنەدا لە کاروباری نێوان کوردستان و تورکیا)) بڕوانە:١١/١٥٦.

ئەحمەد تەقی ش لەم بارەیەوە، لە یاداشتەکانی دا ئەڵێ: لە وەڵامی ئەو داوایەی خالید بەگ دا ((ڕوس بێ پێچ و پەنا وتبویان.......ئێستا ناتوانین هیچتان بۆ بکەین چونکە نامانەوێ تورك زویر بکەین)) بڕوانە: ١٣/٧٩.

هەر ئەحمەد تەقی لە بارەی پەیوەندی کردنی سمکۆوە بە ڕوسیای سۆڤێتی یەوە، بۆ دابین کردنی یارمەتی و پشتیوانی سۆڤێت لە کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی:
(( کۆنسوڵی سۆڤێت لە ورمێ لە وەڵامی داواکەی سمکۆدا فەرمویەنی: مۆسکۆ داوای وای پێ جێبەجێ ناکرێ )) بڕوانە: ١٣ / ٨٠ - ٨١

لە ٢٠ ی/کانوونی دووەمی /١٩٢٣ شدا، شێخ مەحموود نامەیەکی نارد بۆ (( کۆنسوڵی روسی بەرزی سەرکەوتو - تەورێز - ئازربایجان))بڕوانە:٥ / ٤١٩، تیایدا ئۆمێدێکی زۆری بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بە ڕابەری ی لینین دەربڕیوە و داوای کۆمەك و پشتیوانی

روسیای سۆڤێتی بۆ خەباتی گەلی کورد کردووە. بەڵام حکومەتی سۆڤێت بە هیچ جۆرێك وەڵامی ئەو نامەیەی شێخی نەداوەتەوە.

لەم بارەیەوە ئەحمەد خواجە لە زمانی شێخ مەحمودەوە ئەگێڕێتەوە: (( لەگەڵ ڕوسدا هەوڵم دا، داوای حەقی کوردم لێ کردن، بەڵام لە پێش بەجێ هێنانی ئاواتەکەی ئێمەدا ئەوان شێوان! مەلا عارف و ڕەشید أفندی أمین ئاغام نارده تەورێز، تا ئێستە کار بە نهێنی مایەوە))١٤/٢٦.

ناکرێ گومان هەبێ کە سۆڤێت ئاگای لە شۆڕشی شێخ مەحمود نەبووە، بۆیە یارمەتی نەداوە" چونکە بە گوێرەی ((الارشیف الحکومي المرکزي لثورة اوکتوبر و البناء الاشتراکي و الاجهزة العلیا للسلطة الحکومیة)) حکومەتی سۆڤێتی ئاگادار بووە کە (( ڕۆژی ٢٣ ی ئایاری ساڵی ١٩١٩ شێخ مەحمود هێرشی کردۆتە سەر بارەگای گرینهاوز" ئەفسەری سیاسی ئینگلیز لە سلێمانی و .... ڕاپەڕین تەشەنەی سەندوە بۆ ناوچەی چەمچەماڵی باکوری شاری سلێمانی و، محەمەد جەباری بەخۆی و دانیشتوانی ١٢ گوندی ژێر دەسەڵاتی و عەبدوللا عەسکەری ش بەخۆی و دانیشتوانی ١٠ گوندی ژێر دەسەڵاتی لە ناوچەی قەڵاسێوکە، داویانەتەپاڵ شێخ مەحمودی بەرزنجی))بڕوانە: ٢٣/١٢١-١٢٢.

وەڵامی حکومەتی سۆڤێتی بۆ داواکانی خالد بەگ و سمکۆ و، بێ دەنگی ئەم حکومەتە لە بەرامبەر نامەکەی شێخ مەحموددا، تەواو پێچەوانەی (تێزی لینین)ن، بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس و چارەسەری کێشەی گەلان، کە لینین کتێبێکی گەورەی لەبارەوە نوسیوە.[٩]

لەبەرامبەر هاواری گەلی کورد بۆ ڕوسیای سۆڤێتی و، ئاخنراوی گوێچکەی ئەم حکومەتە بە لۆکەی نەبیستن، ڕوسیای سۆڤێتی کۆمەکێکی

زۆری بە دوژمنەکانی کورد کردوە، کە لەو کاتەدا بوەتە مایەی بەهێزبونی دوژمنەکانی کورد و زیندەبەچاڵکردنی ئاواتەکانی کورد.
بەهێزبوونی کەمالیستەکان و لەعۆدەهاتنی ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی براوەی جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵوەشاندنی پەیمانی (سیڤەر) و فەراهەم هێنانی هەلومەرجی ئیمزاکردنی پەیمانی (لۆزان) کە گورزی کاریگەریان لە چارەنوسی کورد وەشاند، لەپاڵ هەندێ هۆی تردا، بەهۆی یارمەتی و کۆمەکی هەمەجۆر و کاریگەری ڕوسیای سۆڤێتی یەوە بۆ ئەتاتورك، رویان دا.

---

[٩] کتێبی: ملاحظات انتقادية حول المسالة الوطنية و حق الامم في تقرير المصير - دار التقدم - موسكو
لە ڕاستیدا ناونیشانی ئەو کتێبەی لینین بەم شێوەیەیە ( ملاحظات انتقادية حول المسالة القومية و حق الامم في تقرير المصير) پاشان لە سەردەمی ستالین دا ( المسألة القومية ) کەی لینین کرا بە ( المسألة الوطنية ). گوایە لەبەر ئەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی لەگەڵ مارکسیزم ناگونجێ !
ڕاستە (( پەیمانی سیڤەر بۆ کوردیش پەیمانێکی زاڵمانە بو، چونکە چارەنوسی تەنیا (پێنج - یەك)ی روبەری کوردستانی گەورەی تیا دیار بو)) بڕوانە: ٢٠/٨٢-٨٣ بەڵام ((بایەخی ئەم پەیمانە بۆ کورد لەوەدابو کە یەکەم ئیعترافی نێودەوڵەتی بو بە گەلی کورد و مافەکانی لە نیشتمانێکی کوردی دا)) بڕوانە:٤٢/٦٥، هەروەها بڕوانە: ٤٥/٤١،٦٣/٢٠٢.
هەڵوەشاندنی پەیمانی سیڤەر بە تەنیا زەرەری لە کورد نەدا، بەڵکو

گەلی ئەرمەنیشی بە هەمان دەردی گەلی کورد برد..
بەستنی پەیوەندی روسیای سۆڤێتی لەگەڵ کەمالستەکان و ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی هاریکاری و دۆستایەتی (١٦ ی ئازاری ١٩٢١) لە نێوان روس و تورك، هەڵوەشانی پەیمانی سیڤەر و ئیمزا کردنی پەیمانی لۆزان، سەرکەوتنی گەورەبون بۆ کەمالستەکان و گورزی کوشندەش بون بۆ چارەنوسی کورد و ئەرمەن.
(( یەکێتی سۆڤێت لە کاتی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی لۆزان دا پشتیوانی زۆری لە داواکانی تورکیا کرد، سەبارەت بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە تورکیاوە)) بڕوانە: ٥٠/٢٣٠، ئەمەش هەر بە پێچەوانەی تێزی (لینین)ە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلان و مافی بڕیاردانی چارەنوس. بەمەرجێ لینین خۆشی راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەم کاروبارانەی کردوە، لەم بارەیەوە (گورگی ڤاسیلیفیتش تشیتشیرین)[10] ئەڵێ: ((......لە بیرمە کە

[10] لە ١٩١٨ هەتا ١٩٣٠ نوێنەری گەل بۆ کاروباری دەرەوە، واتە وەزیری دەرەوە بوە. سەرۆکی هەردو وەفدی سۆڤێتی بوە بۆ هەردو کۆنگرەی دەولی چۆن فلادیمێر ئیلیتش لە کاتی کۆنگرەی مۆسکۆ لەگەڵ تورکیا، هەموو ئێوارەیەك بە تەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ ئەکردم و لەبارەی قسەوباسی دانیشتنەکانی ئەو رۆژەوە پرسیاری لێ ئەکردم. بایەخێکی زۆری بە چارەنوسی ئەم گفتوگۆیە ئەدا)) بڕوانە:٢٢٧/٣٢ هەمان کەس لەبارەی بایەخدانی لینین بە کۆنگرەی لۆزان، نوسیویێتی: ((پاش گەڕانەوەم لەدەرەوە لە پایزی ١٩٢٢ دا، ٦ هەفتەم لە مۆسکۆ بەسەر برد. مەسەلەی سەرەکی مەسەلەی تورکیا و خۆئامادەکردن بو بۆ کۆنگرەی لۆزان. بەهاوبەشی یەکی تا ئەوپەڕی چالاك لە لایەن - فلادیمێر تیلیتش-ەوە،

مناقشه و بڕیار لەسەر ئەو بەرنامەیە درا کە لە لۆزان دیفاعمان لێکرد)) ٢٢٨/٣٢.

ڕوسیای سۆڤێتی زۆر لەوانە زیاتری لە دژی کورد کردووە(( سۆڤێت بەڵێنی دا بە تورکیا کە هیچ جۆرە یارمەتییەکی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد نەدات و ئاسایشی تورکیا نەخاتە بەر مەترسی)) ٦ / ١١.

کەچی (( نوسەرە پێشکەوتنخوازەکانی کورد بە ستایشێکی زۆرەوە هەمیشە لەکاری ئیجابی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ سەر بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کورد دواون[11] ئەم بۆ چونانە زۆر تر لە ژێر کارتێکردنی

---

لە (جنوە) و (لۆزان). ئەندامی لیژنەی تەنفیزی ی ناوەندی سەرتاسەری ڕوسیا و، ئەندامی لیژنەی تەنفیزی ناوەندی یەکێتی سۆڤێت بوە. بڕوانە: ٣٩٤/٣٢.

[11] هەر کەسەکان بەو شێوەیەك باسی کاری ئیجابی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆسەر بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کوردیان نەکردووە. بەڵکو حیزبەکانیش هەمان ئایدۆلۆجی سیاسی دا دروست بوون نەك لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بابەتیی ڕوداوەکانی مێژوی ئەو سەردەمەدا، ئەگینا دیارە کە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاری سلبی کردۆتە سەر پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد (چونکە) لە ئەنجامی ڕوخانی ڕژێمی قەیسەری و هاتنی بەلشەویك دا هەردوو دوژمنی دێرینەی گەلی کورد: دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی تورکیا لە ڕوخان و هەڵوەشان و پارچە پارچە بوون ڕزگار بوون. کوردستان بەشێکی لە ژێر دەستی ئێران و بەشەکەی تریشی لە ژێر دەستی تورکیا و عێراق و سوریادا، لە حاڵەتێکی سیاسی و قانونی (نا مەعلوم) دا

هەڵوێست و بۆچونیانیان هەبووە. هەردو حیزبی شیوعی عێراق و کوردستان تا ئێستا بۆچوونیان وایە. حیزبێکی نەتەوەیی وەك پارتی دیموکراتی کوردستانیش، هەروا تەماشای شۆڕشی ئۆکتۆبەری کردووە.

ئەمە نمونەیەکی سەیر و دەربڕینێکی سەیر تری ئەو بۆ چوونەیە:
((....سەرەڕای ئەو نەهامەتییەی گەلەکەمان لە عێراق، بە دەست ئەو چەك و فڕۆکانەوە ئەیکێشێ کە حکومەتی سۆڤێت داوێتی و ئەیدا بە حکومەتی قاسمی دیکتاتۆر، بۆ لە ناوبردنی گەل و وێرانکردنی وڵات، چارێکمان نییە ئەوە نەبێ کە سڵاو لە یادی ئەم شۆڕشە پیرۆزە بکەین(مەبەست شۆڕشی ئۆکتۆبەرە-م.ڕ). سڵاومان بۆ گەلی سۆڤێت و حکومەتەکەی لەسەر ئەو دەسکەوتە قەشەنگانەی بە دەستی هێناون، بە تایبەتی هەڵوێستی حەکیمانەی لە بەرامبەر کوبادا)). بڕوانە:ذکری ثورة اکتوبر، صوت کردستان- جريدة الحزب الديمقراطي الکردستاني- لجنة منطقة بغداد، العدد ٤ تشرين الثاني و کانون الاول ١٩٦٢ ، ص ٣.
مایەوە کە، نە ئازاد و، فیدراڵی و، نە ئۆتۆنۆم بوو. وە نە بەشدار بوو لە حکومەتەکانی ئەو دەوڵەتانەدا نە مانداتی ئەوان و نە موستەعمەرەشیان بوو. لە کاتێکا ئەگەر نەخشەکانی ڕژێمی قەیسەری جێ بەجێ ببونایە:
یەکەم- دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیا یانەئەمان یان ئەبوون بە دوو دەوڵەتی بچوك لە ناوچەکەدا.
دوەم- کوردستان لە خراپترین حاڵەتدا، حاڵەتی(مەعلوم ) ی موستەعمەرەی ڕوسی و فەڕەنسی و ئینگلیزی وەر ئەگرت، کە هیچ نەبێ ئیمپریالیزمێکی پێشکەوتوو تر بوون لەچاو دەوڵەتانی دواکەوتووی ئێران و تورکیا و عێراق (و سوریا،م.ڕ) دا. ئەوسا هەلی سەرکەوتنی جوڵانەوەکەی لە پێناوی سەربەخۆیی دا، وەکو هەموو شوێنەکانی دنیای ژێر دەستی ئیمپریالیزم، زوتر ئەبوو)) ٤/٢٢٠

زەرەرمەند بوونی کورد بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕاستی یەکە کە بە ڕوونی لە کتێبەکانی(کورد و عەجەم)٤/٢١٥-٢٢٠، (( شۆرشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم)) ٨/٣٥-٣٧ و (( رسالة الاونسکو)) ٣١/٢٠ ی صالح محمد أمين و حکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار) و د. ئیسماعیل بێشکچی دا ڕەنگی داوەتەوە. (جەلال تاڵەبانی) ش لە کتێبی (الحرکة التحررية القومية الكردية) دا، ئاماژەیەکی لاوازی بۆ ئەم ڕاستی یە کردووە و، بە هێز بوونی پەیوەندی نێوان کەمالیستەکان و یەکێتی سۆڤێتی بە فاکتەرێك لە فاکتەرەکانی هەڵوەرینی ئاواتەکانی کورد لە قەڵەم داوە. بڕوانە:٢٣/١٠٠.

عەبدوڵڵا ئۆچئالان یش لە بارەی ئەم ڕاستی یەوە ئەڵێ:(( حەفتا ساڵ تەمەنی سۆڤیەت زۆری پێشکەشی تورك و فورس و عەرەب کرد، بەڵام پێچەوانەی ئەوە هیچی پێشکەشی کورد نەکرد و، بووە نمونەیەکی مێژوویی خراپ بۆی)) ٣٤/٤. جەلیلی جەلیل و ئەوانیش لە بارەی ئەم ڕاستی یەوە ئەڵێن((پاش بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کشانەوەی سپای ڕوس لە ئێران، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ئێران خۆی لە ژێر گورزی تورکە دەسدرێژەکان لەلایەك و، کۆڵۆلیانیزمی بەریتانی لە لایەکی ترەوە، دییەوە ....هەروەك کوردەکانی ئەنادۆڵی خۆرهەلاتیش توشی هەلومەرجێکی ناخۆش و ناڕەحەت بوون، وە دەرچوونی ڕوسیا لە جەنگ بووە هۆی گەڕانەوەی دەسەلاتی تورکی بە شێوەیەکی کاتی بۆهەموو باکوری خۆرئاوای کوردستان و، کێشانی باڵی نفوز و دەسەلاتی بەسەر کوردەکانی پشتی کافکاسدا)) بڕوانە:٣٣/٩٩ - ١٠٠

بەگشتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر زەرەری زۆر گەورەی لە چارەنوسی کورد داوە. بەلام ئەو بەشە کەمەی کورد کە کەوتۆتە ناو سنوری جوگرافی

یەکێتی سۆڤیێت، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لە سەردەمی لینین دا مافە نەتەوەیی یەکانی سەلمێنرا. (( هەندێ ناوچەی کوردنشین لە دوای پەیماننامەی گولستان، کە لە ساڵی ١٨١٣ دا لە نێوان ئێران و ڕوسیادا ئیمزاکرا، بونە بەشێك لە ڕوسیا، کوردەکان لە ویلایەتی (الیزابث بول) ئەژیان. پاشتر لە ساڵی ١٨٢٨ دا بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی تورکمانچای، هەندێك لە کوردەکان خرانە ناو ویلایەتی یەریڤانەوە. لەوە دوا تر کوردەکانی قارس و ئەردەهان یش خرانە سەر ڕوسیا، بەڵام پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەگوێرەی پەیماننامەی مۆسکۆ کە لە ٢١ ی مارتی ١٩٢١ دا لە نێوان ڕوسیای سۆڤیێتی و تورکیادا مۆرکرا، قارس و ئەردەهان خرانەوە سەر تورکیا و ژمارەیەکی کەمی کورد لە ئەرمینیای سۆڤیێتی مایەوە. لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر مافە نەتەوەییەکانیان سەلمێنران.)) بڕوانە: ٤٥/١١٦ بەڵام لەسەردەمی ستالین دا هەموو مافێکیان لێ سەنرایەوە و تۆوکران بە سەر نۆ کۆماری یەکێتی سۆڤیێت دا.

**٢ - ٢ / لەسەر چارەنوسی ئەرمەن.**

لە ئەنجامی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، لە ناو هەموو نەتەوەکانی چوار چێوەی ئیمپراتۆری ڕوسی دا حیزبی شیوعی دروست بوو. ئەرمەنیش یەکێك لەو نەتەوانە بوو کە حیزبی شیوعی ئەرمەنی بۆ دروست بوو، لە ئەنجامی ئەمەدا بیری یەکریزی و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی ئەرمەن گورزیان بەرکەوت. ئەم مەسەلەیە لە کۆنگرەی نەتەوەیی هەشتەمی ئەرمەنییەکانی ناو هەرێمی کاراباخ دا کە لە ٢٨ ی شوباتی ١٩٢٠ بەسترا، تەقی یەوە و لەسەر چارەنوسی ئەم هەرێمە (انشقاق) ڕوویدا و هێز و توانای ئەرمەن پەرت بوو. بڕوانە: ١٧/ ٤٠-٤٣.

لینین لەسەرەتای تەمەنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرداهەوڵی داوە لە مەسەلەی

ئەرمەندا ئالای ئایدۆلۆجیا بەرز ڕاگرێ، بەڵام کە لەگەڵ واقیع دا کۆك نەهاتوە، یەکسەر دایناوەتە سەر زەوی:

(( حکومەتی ڕوسیای سۆڤیەتی لە ١١ ی کانونی دووەمی ١٩١٨ دا بڕیارێکی (٤ بەند) ی سەبارەت بە پشتیوانی کردنی ئەرمینیای تورکیە دەکرد، تیادا لێبڕاوانە دیفاعی لە دامەزراندنی حکومەتێکی گەلی و کاتی لەئەرمینیای تورکیا، کردووە. بەڵام دوای (٥١) ڕۆژ لە دەرکردنی ئەو بڕیارە، ڕۆژی ٣ ی مارتی ١٩١٨، پەیمانی برست لیتوفسك ی لەگەڵ ئەڵمانیا و تورکیا ئیمزا کرد و بەشێك لە خاکی ئەرمەنی بەخشی بە تورکیا)) بڕوانە:٣٥/١٦٩-٤٤،١٧١/١٨٩

(( لە دوای ئاگربڕی مۆدرۆس کە لە تشرینی دووەمی١٩١٨ لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانانـدا ئیمزاکرا، ئەرمینیای یەکگرتوو لە دایك بوو. بەڵام تورکەکان زووبەزوو بۆ کوشتنی ئەو ئاواتەی ئەرمەن پەلاماری ئەرمینیایان دا، حکومەتی ئەرمینیا داوای کۆمەك و یارمەتی لە لە ڕوسیای سۆڤێتی کرد، بەڵام ڕوسیای سۆڤێتی زۆر بە خاو و خلیچکی بە پیر داواکەی ئەرمینیاوە چوو، وە بۆ بەرگری هیچ یارمەتی نەداو، تورك توانی بە ئاسانی ئەرمینیا داگیر بکاتەوە و ڕێکەوتنی ئەلیکسندەر پول لەگەڵ بەلشەویك ئیمزا بکا و یەکێتی ئەرزی ئەرمەن هەڵوەشێنێ)) بڕوانە:٢٦/ ٦٠ و ٦١.

به ئیمزا کردنی ڕێکەوتنی ئەلیکسندەر پول (( ئاواتی ئەرمەنیەکان کە هەندێکی لە پەیمانی سیڤەر دا دانی پیانرا بوو لە چاڵ نرا)) ٤/ ٢٤٨.

ڕوسیای سۆڤێتی نەك هەر یارمەتی ئەرمەنی نەدا بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتەکەی، بەڵکو بە هاوکاری کەمالیستەکان (( ئەو کۆمارەی ئەرمینیاشی ڕوخاند کە لە کافکاز دامەزرا بوو.)) بڕوانە:

٤٠/١٧، ٤١/٣٠٧ و ٤٤ ئەویش لەسەر بناغەی بۆچوونێکی ئایدۆلۆجی چەوت" گوایە ئەو کۆمارە کۆمارێکی ناسیۆنالیستە و کۆمۆنیست نییە. بەڵام لە ڕاستی دا پشتیوانی بوو لە تورکیای کەمالیست تا بە بەهێزی بمێنێتەوە و کەمەر بەندی ڕوسیای سۆڤیێتی بێ.

دوای ئەوەی ڕوسیای سۆڤیێتی و کەمالیستەکان توانیان ئەرمەنستانی یەکگرتوو هەڵوەشێنن، بەلشەویکەکان(( لە هەمان ڕۆژی ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی ئەلیکسەندەرپول لەگەڵ تورك دا، ڕێکەوتنێکیان لەگەڵ ئەرمەنیش ئیمزاکرد، بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنە ، حکومەتی سەر بە روسیای سۆڤیێتی لە بەشێکی ئەرمینیای خۆرهەڵات دروست بوو)) بڕوانە:٦١/٢٦. کاراباخ یش کە هەرێمێکی ئەرمینیا بوو، وە لەو کاتەدا ((٤، ٩٤٪) دانیشتوانەکەی ئەرمەنی بوو)) بڕوانە: ٦١/١٧. بەزۆر لکێنرا بە ئازەربایجانی، بە نەژاد تورك و بە ئاین موسوڵمانەوە. ئەمەش تەواو پێچەوانەی بانگەوازە خۆش ئاوازە چوارخاڵی یەکەی لینین بوو، کە لە ١٥/تشرینی دووەمی/١٩١٧ دا سەبارەت بە ئازادی بڕیاردانی چارەنوسی گەلانی ناو قەڵەمڕەوی ڕوسیای سۆڤیێتی بڵاوی کردنەوە، کە بریتی بوون لە:

(( ١ - یەکسانی و سەربەخۆیی نەتەوەکانی ڕوسیا"

٢ - مافی نەتەوەکانی ڕوسیا لە دیاری کردنی ئازادانەی چارەنووس و، گەیشتنی بە پێکهێنان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی، خۆی"

٣ - نەهێشتنی هەر جۆرە (امتیاز) ێکی نەتەوەیی و، نەتەوەیی-مەزەبی"

٤ - فراوان بوون و کامڵ بوونی ئازادانەی کەمینە نەتەوەیی یەکان و گروپە نەژادی یەکانی دانیشتوی ڕوسیا)) ٢٢/٣٢٣ .

بەو شێوەیە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هاوکاری و هاریکاری بە هێزی ڕابەرایەتی ئەم شۆڕشە لەگەڵ کەمالیستەکان بووە مایەی لە چاڵ نانی ئاواتی گەورەی ئەرمەن کە دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی ئەرمەنستان بوو.

٢ - ٣ / لەسەر چارەنوسی ئازەر

بە گوێرەی پەیماننامەی تورکمانچای، کە لە ساڵی ١٨٢٨ دا، لە نێوان ئێران و ڕوسیای تزاری دا ئیمزا کرا. بەشێك لە خاك و نەتەوەی ئازەر کەوتنە ناو قەڵەم ڕەوی ڕوسیای تزارییەوە. ئەم بەشە لە ئەنجامی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا حیزبی بەلشەوی ئازربایجانی بۆ دروست بوو. بەرابەرایەتی ئەم حیزبە کۆماری ئازربایجانی سۆڤێتی دامەزرا و نەریمان نەریمانۆڤ یەکەم سکرتێری ئەم حیزبە و یەکەم فەرمانڕوای ئەم کۆمارە بوو. بەشەکەی تری خاك و نەتەوەی ئازەر لە ژێر دەسەڵات و لە ناو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئێران دا مایەوە. لە دوای ڕاپەرینی شێخ محەمەد خیابانی، کە بەهۆی پشتیوانی ڕوسیای سۆڤێتییەوە، حکومەتی ئێران توانی سەرکوتی بکا، ئەم پارچەیەی خاك و نەتەوەی ئازەر بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە ژێر باری سەرکوت و ستەمی دەوڵەتی ئێران دا نووزەی لێ بڕا. بڕوانە: ٤٧ / ٧٢

.

لەگەڵ بەرپا بوونی جەنگی جیهانی یەکەم دا (پارتی موجاهیدینی ئازربایجانی) ی کەوتەوە چالاکی. ئەم حیزبە یەکێك بوو لە و حیزبانەی چالاکانە بەشداری شۆڕشی مەشروتەی ئێرانیان کرد. لە کاتی جەنگیش دا ئەندامانی ئەم حیزبە هاریکاری هێزەکانی تورکیایان کرد، لە پێناوی داگیرکردنی خۆرئاوای ئێران دا. کە (اتحادی)یەکانیش دروشمی ئاینیی خۆیان لە( یەکێتی ئیسلامەوە) گۆڕی بە دروشمی نەتەوەیی (یەکێتی

تۆرانی)یەکان، ئازەرەکانی ئێران کەوتنە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە (انتما) ی تورانی یانی ئەسملاند. کە ئازەربایجانی یەکانی باکوڕ، بە یارمەتی تورکیا، بەر لە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم ، کۆماری ئازەربایجان یان دامەزراند، داوایان لەئازەربایجانی یەکانی ئێرانیش کرد بچنە پاڵیان. لەم پێناوەدا ئازەرییەکانی باکوڕ دروشمی گواستنەوەی پایتەختی وولات: لە باکۆوە بۆ تەبرێزیان بەرز کردەوە و، لە ڕۆژنامەکانیشیاندا پڕوپاگەندەی زۆریان بۆ ئەم مەبستە بڵاوئەکردەوە.

ر وانە: ٢٥/٢١١-٢١٢ .

کەواتە هەستی یەکێتی خاك و نەتەوە لە ناو ئازەردا نەك هەبووە، بەڵکو بەهێزیش بووە و خەباتی بۆ کراوە. بانگەشەی ئازەرەکانی باکوڕ بۆ گواستنەوەی پایتەختی وولاتەکەیان ، لە باکۆوە بۆ تەبرێز، بەڵگەی زیندووە بۆ ئەوەی کە هەستی یەکێتی خاكو نەتەوە لە ناویاندا، زاڵبووە بەسەر دەسکەوتی ئیقلیمی دا. بەڵام بەهۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ۆ دەرچوونی ڕوسیای سۆڤیتی لە هەموو پەیمان و ڕێکەوتننامە نهێنییەکان، ئاواتی یەکگرتنەوەی خاك و نەتەوەی ئازەر لە بەین چوو. جیا لەوەش، بەهۆی لە بەرچاو نەگرتنی هەستی نەتەوەیی لە دیاری کردنی سنوری کۆمارەکانی ناو قەڵەمڕەوی یەکێتی سۆڤێت دا، ئازەربایجان بۆمبێکی تەوقیت کراوی بۆ نرابۆوە و لە دوای هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤێت پیایدا تەقییەوە، کە کێشەی هەرێمی ناگورنۆکاراباخەو، هەردوو گەلی ئازەر و ئەرمەن تازە باجەکەی ئەدەن.

سەبارەت بە ئازەربایجانی باشوریش، واتە ئازەربایجانی ژێر ڕکێفی ئێران ، بزوتنەوەی شێخ محەمەد خیابانی لە ژێر کارکردی مەعنەوی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا کەوتە بەرزکردنەوەی دروشمی زۆر قەبە و گەورە تر لە توانای جێ بەجێ کردنی، هەر ئەمەش هۆیەکی کاریگەر بوو بۆ لە بارچوونی

بزووتنەوەکە، چونکە: لە لایەك ڕوسیای سۆڤیێتی هیچ پشتیوانییەکی ئەم بزوتنەوەیەی نەکرد، لە لایەکی تریشەوە یارمەتی زۆری حکومەتی ئەحمەد شای داو، ئەو توانایەی پێ بەخشی کە بتوانێ زاڵبێ بەسەر لاوازی و کەم و کورِیەکانیدا وبزوتنەوەکانیش تێك بشکێنێ هەر فاکتەری جیوپۆلەتیك و جوگرافیای سیاسی ئەمەیان بە ڕوسەکان نەکرد بەڵکو ((بەلشەویکەکان بە دوانیزمێکی ناکۆکەوە مامەڵەیان لەگەڵ بزوتنەوەی گەلانی موسوڵمانی (خۆرهەلاّت) کرد. لە لایەك هەڵوێستی رادیکالانەی نەتەوایەتی (مافی چارەی خۆنوسین)یان قولکردەوە لەلایەکی تریشەوە بە بیروڕای چینایەتی ئەنتەرناسیۆنالیستی پرۆلیتاری، دژایەتی ڕادیکالی نەتەوەییان ئەکرد)) بڕوانە:٢٧/٢٢٩، بەو شێوەیە ئەم سیاسەتەی بەلشەویکەکان زەرەری گەورەی دا لە کێشەی هەردوو نەتەوەی ئازەر و ئەرمەن، کە هەر یەکەیان کەوتبونە ژێر ڕکێفی بەلشەویکەکان.

**٢ – ٤ / گەلانی ئێران بە گشتی:**

بەشێك لە خاك و نەتەوەکەیان ((بانگەوازی ٢٩/حوزەیرانی/١٩٢٠ بۆ کۆنگرەی یەکەمی گەلانی خۆرهەلاّت، ئاڕاستەی (جەماوەری چەوساوەی ئێران و ئەرمینیا و تورکیا) کرا بوو. کۆنگرەی بانگەواز بۆ کراو لە ١/ئەیلولی/١٩٢٠ هەتا٧/ئەیلولی/١٩٢٠ ی خایاند.... لە کاتی کۆبونەوەکانی کۆنگرەدا، لە ناوچەی گێلان شەڕ لە نێوان شۆڕشگێڕانی جەنگەڵ و حکومەتی پاشایەتی ئێران دا بەردەوام بوو)) بڕوانە: ٢٩/٢٠٦، ٢٠٥، ٢١٦، ٢١٠. بانگەوازی کۆنگرەی باکۆ ئاڕاستەی گەلانی خۆرهەلاّتو بە تایبەتی ئاڕاستەیجەماوەری ئێران و ئەرمینیا و تورکیاکرا بوو، کەچی حکومەتی ڕوسیای سۆڤیێتی بە کردەوە پێچەوانەی ناوەڕۆکی بانگەوازەکەی جێ بەجێ ئەکرد:((لە ئێران لە

کاتێکدا لە بەشی سەرەوەیدا جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەهێزی تێدا بوو، وە لە تاران حکومەتێکی کۆنەپەرست هەبوو، حکومەتی سۆڤێتی جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکەی پشت گوێ خست و کردی بە فاکتەری گوشار بۆ سەر حکومەتە کۆنەپەرستەکە تا ناچار بێ پێوەندی باش لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت دابمەزرێنێ)) ٤/٢١٨. (( لە پەیماننامەی دۆستایەتی ئێران و شورەوی`` کە لە ٢٦ / شوباتی/ ١٩٢١ دا لە لایەن مشاورالممالك و چیچرین ەوە لە مۆسکۆ ئیمزا کرا، لە (فصل)ی یەکەمی دا، وا هاتووە کە گوایە میللەتی ئێران (میللەتێکی سەربەخۆ و بەختیارە)، لە هەردوو (فصل)ی ١٢ و ١٥ ش دا دەوڵەتی پاشایەتی ئێران بەناوی (نوێنەری میللەتی ئێران) ناو براوە)) بڕوانە:٦٨٨/١٦، ٦٩٣-٦٩٤. کەچی لە ڕاستی دا، میللەتی ئێران ئەو وەختە نە میللەتێکی سەربەخۆ و بەختیار بووە، نە دەوڵەتی پاشایەتی ئێران یش نوێنەری میللەتی ئێران بووە.بەڵکو ئەو میللەتێکی نا سەربەخۆ و نا بەختیار و، ئەمیش دەوڵەتێکی پاشایەتی دواکەوتوو تا بینەقاقای کۆنەپەرست بوو، وە تەنها گوزارشتی لە بەرژەوەندی بنەماڵەی قاجارییەکان ئەکرد.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٠ دا حکومەتی ڕوسیای سۆڤێتیو حکومەتی شۆڕشگێڕی گێلان لە سەر کۆمەڵێ مەسەلەی گرنگ ڕێکەوتن. لە هەردوو بەندی (٦ و ٧) ی ئەم ڕێکەوتنەدا هاتبوو:

٦ — (( دانی چەکی سۆڤێتی بە ئێران لە بەرامبەر پارەدا"

٧ - دانی هەموو دامەزراوە بازرگانیەکانی ڕوس لە ئێران و، هەموو ئەو کەل و پەل و ئامێرانەی کە سپای ڕوس لە ئێرانی گرتوون، بە کۆماری شۆڕشگێڕی (گێلان-م.ڕ) ))٤٧/٣٢.

ئەم ڕێکەوتنە تەواو لەو کاتەدا بوو کە، حکومەتی ڕوسیای سۆڤێتی بانگەوازی کۆنگرەی یەکەمی گەلانی خۆرهەڵاتی ڕاگەیاند، کە تیایدا

گەلانی چەوساوەی ئێران بە ناو ناوی هاتبوو، کەچی وەختێك هاتۆتە سەر

---

[12] بۆ دەقی ئەم پەیماننامەیە بڕوانە: سەرچاوەی ١٦ لاپەڕە ٦٨٧ -٦٩٧ ڕێکەوتن و بە کردەوە کردنی پەیمان و بەڵێن، حکومەتی ڕوسیای سۆڤیێتی ئامادە نەبووە بەبێ پارە چەك بدا بە کۆماری شۆڕشگێڕی گێلان. بەڵام دوای بەستنی کۆنگرەی باکۆ و ئەو هەموو پڕوپاگەندەیەش کە بەلشەویکەکان بۆ ئەو کۆنگرەیەیان کرد، حکومەتی ڕوسیای سۆڤیێتی لە پەیماننامەی ئاشتی و برایەتی ئێران و ڕوس دا، ناوی حکومەتی کۆنەپەرستی شای قاجاریبە((نوێنەری گەلی ئێران)) هیناوە و، بە گوێرەشی(( ئێرانی لە هەموو قەرزەکانی زەمانی قەیسەر بەخشی و هەموسەرمایەی لە گوێزانەوە هاتوو لە گوێزانەوە نەهاتووی-بانکی استقراضي ئێران- و دراوی نەختینە، شتومەکی هێژا، جادە، ڕێگای ئاسنین ، سەکۆ و عەمار ۆ کەشتی و هۆکانی گوێزانەوە لە گۆمی ورمێ و بەندەری ئەنزەلی، هێڵی تەلەفۆن و تەلەگراف، خانوو تەلارەکان ، کارگەی کارەبا، کە موڵکی حکومەتی ڕوسیو کۆمپانیو هاووڵاتییەکان بوون، بە خۆڕایی دای بە حکومەتی ئێران)). ٤ / ٢١٨ - ٢١٩ بەو جۆرە، بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە (( نرخی ئەو} ممتلكات{ و دامەزراوانەی، کە حکومەتی سۆڤیێتی بێ بەرامبەر دەستی لێیان هەڵگرت و دانی بە ئێران لە ١٠٠ ملیۆن ڕۆبلی زێڕ زیاتر بوون)) بڕوانە: ٢٩ / ٢٣٣.

ئەو پەیماننامەیە لە بارەی ئابوری و سیاسیشەوە تین و تاوێکی باشی دا بە حکومەتی پاشایەتی ئێران و زاڵی کرد بەسەر حکومەتی

شۆڕشگێڕی گیلان و، هەر سێ بزوتنەوەی: کورد و ئازەر و خۆراسانیش داو، ئێرانی لە هەڵوەشان و پارچە پارچە بوون پاراست و خوەنەکانی گەلانی ئێرانی هەڵبزرکان. ((حکومەتی ڕوسیای سۆڤێت هەوڵی زۆری بێ پسانەوەیدا بۆ بەستنی پەیوەندی باش لەگەڵ حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران. لەو پێناوەدا لە کانوونی دووەمی ١٩١٨ و کانوونی دووەمی ١٩١٩ و حوزەیرانی ١٩١٩ دا پەیغام و یاداشت و نوێنەری ناردووە بۆ لای حکومەتی ئێران، بۆ بەستنی پەیوەندی. هەر لەم پێناوەدا نوێنەرێکی پایەبەرزی سۆڤێتی بە ناوی – ئیفانئوسیپۆڤیچ کولۆمی[١٣]– بە دەستی کازاکانی ئێرانی کوژراوە)) بڕوانە: ٢٢/٣٢٠-٣٢١ ، کەچی سەرەڕای ئەو هەموو پڕوپاگەندەیەکە بەلشەویکەکان بۆ گەلانی خۆرهەڵات و گەلانی ئێران یان بڵاوکردۆتەوە، هەوڵێکی وایان بۆ بەستنی پەیوەندی باش لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئێران نەداوە و تەنانەت بە پیر دواکانیشیانەوە نەچون (( ئەمەش سیاسەتێکی ناواقیعی و خراپ تێ گەیشتن بو لە باری ناوخۆی ئێران و... شوێنەوارێکی خراپی لەسەر ڕەوتی ڕوداوەکان دانا.)) بڕوانە: ٤٨/٦٨

حکومەتی ڕوسیای سۆڤێتی نەك هەوڵی بەستنی پەیوەندی باشی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئێران نەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە (( لە پێناوی بە یەکگرتویی هێشتنەوەی خاکی ئێران دا و، بۆ ئەوەی حکومەتی ئێران بە

---

[١٣] لە ژونیەی ١٩١٨ دا شورەوی کۆمیتەیەکی دیبلۆماسی بە سەرۆکایەتی ئیفان ئوسیپۆڤیچ کولۆمی تسف نارد بۆ ئێران بۆ بەستنی پەیوەندی دیبلۆماسی، ئێرانیەکان ئەم کۆمیتەیەیان گرت و دوریان خستنەوە بۆ

هندستان. دوایی (تسف) هەڵهات و خۆی گەیاندەوە مۆسکۆ. لە ژوئیەی ١٩١٩ دا شورەوی جارێکی تر (تسف)ی ناردەوە بۆ ئێران بۆ بەستنی پەیوەندی، بەڵام کازاکانی ئێرانی گرتیان و لە ١٤ی ئابی ١٩١٩ دا کوشتیان. بڕوانە سەرچاوەی ٢٢/٣٢٠-٣٢١.

هێز بێ و نە کەوێتە ژێر گوشاری دوژمنانی ڕوس ، یارمەتی دا بۆ دامرکاندنەوەی شەپۆلی نارەزایی گەلانی ئێران. ئەم سیاسەتەش زیاتر لە قازانجی هەردوو حکومەتی ئێران و سۆڤیێتی دا بو تا قازانجی گەلانی ناو ئەم دوو دەوڵەتە)) بڕوانە: ٤ / ٢١٩.

سەبارەت بەم ڕاستی یە نمونەی زیندوو هەیە:

(( ڕێشتین ی باڵوێزی شورەوی لە تاران لە نامەیەکی دا، کە بە هۆی کلانتروڤەوە بۆ میرزا کوچك خانی ڕابەری شۆڕشی جەنگەڵی ناردوە ، بۆی نوسیوە: هۆی ئەوەی کە ئێمە- یانی دەوڵەتی شورەوی- ئێستا نەك کردەی شۆڕشگێڕانە بەبێ کەڵك، بەڵکو بە زەرەرمەندیش ئەزانین ئەوەیە کە: فۆرمی سیاسەتی خۆمانمان گۆڕیوە و ڕێگەیەکی ترمان گرتۆتەبەر. . . .یەك مەسەلەی تریش جێی سەرنجە ئەویش بەکراوەیی هێشتنەوەی ڕێگەیەکە، کە نەك هەر ئێران بە ڕوسیاوە بەڵکو بە تەواوی دنیای دەرەوەی ببەستێ. . . .من دڵنیام کە یەکەم وەزیفەی ئێوە کە کەسێکی میللەت دۆست و نیشتمانپەروەریت، ئەوەیە کە، لە کردنەوەی ڕێگەی گەیلان دا هیچ درێخی یەك نەکەی و نارەحەتی نەهێنیتە ڕێگەی ئەوانەی لەم ڕێگەیەوە هات و چۆ ئەکەن، بە داخەوە من ئەبینم کە ئێوە پروگرامێکی فراوانتان هەیە بۆ بەرگرتن لە کردنەوەی ئەودەریاچەیەی کە بۆ ژیانی ئێران پێویستە)) بڕوانە ١٨/١٨. ڕێتشین لەم نامەیەدا پێشنیاری بە میرزا کوچك خان کردووە کە (( کازاکەکان بکشێنەوە بۆ

لای قەزوین و ئێوەش هێزەکانی خۆیان بپەنەوە ناو جەنگەڵ)) ١٨ / ١٨ . ڕیتشین هەر لەو نامەیەدا کوچك خانی دڵنیا کرد بوو کە (( ئەو دڵنیایی بە هەردوولا ئەدا کە هیچیان پەلاماری ئەوی تریان نەدەن... میرزا کوچك خان بروای بەم بەڵێنەی ڕیتشین کرد ، نامەی وەڵامی بۆ نارد و تیایدا ڕەزامەندی لەسەر پێشنیارەکەی دەری بڕی. بەڵام هێزێکی کازاك لە ژێر فەرماندەیی ڕەزاخان دا لەپڕ پەلاماری شۆڕشی گیلانی دا، میرزا کوچك خانی تیا کوژرا و شۆڕشەکەش کۆتایی هات)) بڕوانە: ١٨/١٨-١٩.

بلۆمیکین ڕاستی وتوە: (( مۆسکۆ دەستوری کۆتایی پێکهێنانی شۆڕشی گیلانی دا)) بڕوانە: ٢١/ ١٤٠

بەشی سێیەم:

# دەوری ڕوسیای سۆڤیێتی لە یارمەتی دانی هەردوو حکومەتی کەمالی و قاجاریدا.

## ٣ — ١ / دەوری ڕوسیای سۆڤیێتی لە بەهێزکردنی تورکیای کەمالیدا و زاڵکردنی بەسەر کێشەکانیدا.

لە کاتێکدا لیژنەکانی کۆنگرە خەریکی ئامادەکردنی ڕەشنوسی پەیمانی سیڤەر بوون، لوید جۆرج ی سەرۆك وەزیری بەریتانیا لەبەردەمی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا ڕایگەیاند(( خەم بۆ هیچ شتێك ناخۆین چونکە تورکیا لەسەر شانۆی جیهانی - م.ڕ- وون ئەبێ)) بڕوانە: ٥٠/ ٥٣. ئەو ڕاگەیاندنە لاوازی و بێتوانایی ئەو کاتەی تورکیا بەرجەستە ئەکا.

بە گوێرەی پەیمانی سیڤەر کە لە ١٠/ ئابی/ ١٩٢٠ دا لە نێوان

تورکیای عوسمانی لەلایەك و هاوپەیمانانی جەنگی جیهانی یەکەم لە لایەکی ترەوە، ئیمزاکرا. تورکیا (( هەموو ئەرزە عەرەبی یەکانی لێ ئەسەنرایەوە. حیجاز ئەبووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. سوریا، فەلەستین، میزۆپۆتامیا لە ژێر دەستی دەرئەهێنران و چارەنوسیان ئەسپێردرا بە دەوڵەتانی گەورە. تراسی رۆژهەلات تا خەتی شاتابجا، هەروەها تراسی رۆژئاوا ئەدرانە یۆنان. بەم پێیە ئەستەمبوڵ ئەکەوتە ٣٠ کیلۆمەتری سنوری یۆنانەوە. شاری ئیزمیر دەوروبەری بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئەسپێردرا بە یۆنان. دوای ئەو ماوەیە، بۆ ئەوەی بەیەکجاری بخرێتە سەری پرس بە بیرورای گشتی دانیشتوان ئەکرا. دورگەکانی ئیمبرۆس و تەنەدۆس ئەخرانە سەر یۆنان. دورگەکانی دودکانز و دورگەی ستراتیجی رودنیز ئەدرانە ئیتالیا. سەربەخۆیی ئەرمینیا دانی پیادانرا بوو" وە جیاکردنەوەی سنوری تورکیا و ئەرمینیا سپێردرا بوو بە حکومەتی ویلسۆن. موختارییەتێکی ناوچەیی بۆ کورد دانی پیانرابوو. تورکیا بەڵێنی دابوو، ئەگەر کۆمەڵی گەلان لەو باوەڕدا بێ کە کوردەکان هەڵدەگرن سەربەخۆییان بدرێتێ و ڕاسپێری ئەمە بکا، ئەو ئامادەیە بە دانی سەربەخۆیی بە قەومی کورد و بە دەسهەڵگرتن لە هەموو حقوق و تەقالیدێکی کە بەسەر ئەم هەرێمانەوە هەیەتی، هەروەها تورکیا بەڵێنی دا کە هیچ جۆرە بەرهەڵستییەك نەخاتە پێش مەیلی کوردەکانی ویلایەتی موسڵ ئەگەر بیانەوێ بچنە سەر کوردستانی تورکیا و ئەو حکومەتە کوردە کەڵێی دروست ئەکرێ. هەر بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە بوغازەکان ئەخرانە ژێر سەرپەرشتی دەولییەوە و، ناوچەکانی دەوروپشتیان چەك ئەکران. هێزی چەکداری تورك کەم ئەکرایەوە بۆ 50 هەزار کەس و، سەربازگیری هەڵئەوەشایەوە، ئەندازەی چەکی سپای تورکیا دیاری ئەکرا وئەخرایە بن چاودێری پشکنەری هاوپەیمانان یا دەوڵەتانی بێلایەن و، نەئەبوو ئوستوڵی دەریایی تورکیا لە

ئەندازەی دیاری کراو تێپەڕێ. بڕیار درا تورکیا بخرێتە بن چاودێری کۆمیسیونێکی تێکەڵاو لە نوێنەرانی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتالیا، کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێ بۆ کۆنترۆڵی قەرزی نیشتمانی، بودجەی حکومەت، دراو، قەرزی دەوڵەتی، امتیازات، گومرگ و باجی ناڕاستەوخۆ. ماف و ئیمتیازاتی کەمە نەتەوەیی و دینی یەکان بە تایبەت ئەرمەن، یونانی، ئاسوری، کلدانی، کورد و بە گشتی مەسیحییەکان سەلێنرابون)) بڕوانە: ٤/ ٢٤٢-٢٤٤.

بەوپێیە ئەگەر پەیماننامەی سیڤەر جێبەجێ ببوایە، لویدجۆرج گوتەنی } تورکیا لەسەر شانۆی جیهان ون ئەبو{.

بەڵام (( لە باتی ڕوسیای قەیسەری دوژمنی دێرینەی تورکیا، یەکێتی سۆڤێتی شۆڕشگێڕی دوژمنی سەرسەختی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی جێگەی گرتبوەوە، کە دەستی لە هەموو دەسکەوتەکانی خۆی لە تورکیا و ئێران هەڵگرت بوو، هاوکاری تورکیای کەمالی کرد. مستەفا کەمال لەوێوە کەوتە خۆ ئامادەکردن و لە وێوە پەیمانی سیڤەری پوچ کردەوە.)) بڕوانە ٤ / ٢٤٥ .

حکومەتی ڕوسیای سۆڤێتی (( لە ١٦/٣ / ١٩٢١ دا پەیمانێکی لەگەڵ تورکیای کەمالی مۆر کرد، ناوەڕۆکەکەی بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ دانە دواوەی پەیمانی سیڤەر دەکرد. هەروەها ئەم پەیمانە ئاشکرا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە حکومەتی سۆڤێتی دان بە هیچ پەیمانێکدا نانێت کە پەیوەندی بە تورکیاوە هەبێ و، دان بە شتێکدا نانێ کە لە( پەیمانی نیشتمانی تورکیا) دا دەست نیشان نەکرابێ)) بڕوانە: ٦/١١. پەیمانی نیشتمانی تورکیاش هەم مافی کەمینە ناتورکەکانی زەوت کردبوو، هەم ویلایەتی موسڵێشی خستبووە ناو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی کەمالی یەکانەوە.

(( شۆڕشی ١٩١٧ ی شورەوی نەخشێکی گرنگی لەسەرکەوتنەکانی ئایندەی تورکیادا بینی. ڕۆسیای لینین سەرەڕای ئەشکەنجە و ئازاردان و کوشتنی کۆمۆنیستەکان لە لایەن حکومەتی تورکیاوە" وەك کوشتنی مستەفا سۆفی سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی تورکیە و هاوڕێکانی، کۆمەکێکی زۆر و بەرچاوی بزوتنەوەی کەمالیستی کرد. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ڕوسیای شورەوی خۆی لەبەر هەڕەشەی قات و قڕی و برسێتی و سپای سپیدا بوو.)) بڕوانە: ٢٠/ ١٠٣. بێجگە لە پشتیوانی سیاسی و کۆمەکی مەعنەوی. (( ڕوس بەردەوام چەك و تفاقی جەنگی ئەدا بە کەمالییەکان)) ٤ /٢٤٨ ، (( حکومەتی سۆڤیەت لە سالانی ١٩١٩ تا ١٩٢٢ بایی ١٠٠ ملیۆن ڕۆبلی زێڕ یارمەتی سەربازی تورکیای دا)) ٦/١١. وە بە تەنیا (( لە ماوەی هەردوو سالی ١٩٢٠ و ١٩٢١ دا. لە نارەحەتترین کاتی کەمالییەکاندا، ڕوسیای سۆڤیەتی ٣٩ هەزار تفەنگ و ٦٣ ملیۆن فیشەك و ٥٤ تۆپ لەگەل گوللەی پێویست و، ٢٠ هەزار دەمامکی خۆپاراستن لە گاز و چەکی تر و، بڕی پێویست لە بەنزین و نەوتی دا بە هێزەکانی تورکیا)) بڕوانە:٢٣٤/٢٩. (( هێزی چەکداری تورکیا بە ئازادکردنی دیلەکانی جەنگ کە لە ڕوسیا گیرابوون و دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئازاد کران بە هێز بوو.)) ٤/٢٤٧.

أ. ڕاولنسن کە وەکیلی سیاسی حکومەتی بەریتانیا بووە و لە ئۆکتۆبەری ١٩١٩ وە هەتا نۆڤەمبەری ١٩٢١ لە بەندیخانەی تورکەکاندا بووە، لە بارەی پەیوەندی و یارمەتی سۆڤیەتەوە بە تورکیاوە و بۆ تورکیا، وتویەتی: ((پەیمانی تورك و سۆڤیەت }مەبەستی پەیمانی ١٦ / ئازاری ١٩٢١ ی مۆسکۆیە-م.ڕ{ ئەوەندەی تر بوو بە هۆی کەمکردنەوەی معارضةی } تورکی بۆ – م.ڕ { کەمالییەکان)) بڕوانە: ٥/٤٤٤.

م.ڕ هاوار لە بارەی دەوری سۆڤێتەوە لـە بـە هێزکردنـی کەمالییەکانـدا ئەڵێ (( ....... لەو ڕۆژانەدا کەمالییـەکان دۆستێکی تـازەی دراوسـێی خۆیان پەیدا کرد ، کە بریتی بـوو لـە یـەکێتی سـۆڤیەت کـە لـەو ڕۆژانـەدا کەمالییـەکانیان بـە هێزێکـی ئـازادیخواز و پێشـکەوتنخواز دەهاتـە بـە چـاو....... لـە ڕاستیدا ئـەو لایەنگیرییـەی سـۆڤیەت بـۆ کەمالییـەکان دەورێکـی زۆر گـەورەی هـەبووە بـۆ بـەهێزکردنی تورکـەکان و چـەك و یارمەتییەکی مالیی زۆریان لە سۆڤیەت وەرگرت و تـا ئـەو ماوەیـەی کـە پێویستیان بە پاڵپشتی و یارمەتی سۆڤیەت هـەبوو ئـەو دۆستایەتییەیان ڕاگـرت)) بڕوانـە: ٥/ ٢٤٠ و ٢٤١. لـە بـارەی پێشـکەوتنخوازبوونی کەمالییەکانـەوە، د. ئیسـماعیل بێشکچـی ، بـە بۆچـوونێکی ناڕاسـتی ئەزانێ و ، پێی وایە کە کـەمال ئـەتاتورك هـەر بـە قسـە پێشکەوتنخواز بووە، ئەگینا بە کار و کردەوەکانی خزمەتی ئیمپریالیزمی کردووە. بڕوانە: ١٨/٣١.

کۆمـەك و یارمـەتی سـۆڤیەت بـۆ کەمالییـەکان، لـە پـارە و چـەك و خـواردنی تێپەڕانـد و گـەیشـتە ئـەو ئاسـتەی ڕوسـیای سـۆڤیەتی پسـپۆڕی سـەربازی نـارد بـۆ یارمـەتی دانیانیـان. بـۆ ئـەم مەبەسـتە (( میخـائیـل فرونزەی سـەرۆکی ئەنجومـەنی شۆڕشگێڕی سـەربازی یـەکێتی سۆڤیەت و نوێنەری گـەل بـۆ کاروبـاری سـەربازی و دەریـایی[١٤] نـاردە تورکیـا و، لـە تشـرینی دووەمـی ١٩٢٢ وەوە هـەتا کـانوونی یەکـەمی ١٩٢٣، بـە نـاوی سەرۆکی وەفدی ئۆکرانیای سۆڤیەتییەوە بۆ تورکیا ، لەوێ مایەوە. فرۆنزە لە پاڵ هەوڵدان دا بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان سۆڤیەت و تورکیا، لـە دانـانی نەخشـەی سـەربازی دا بـۆ شـکاندنی بـەریتانیا و یۆنانیـیـەکان، یارمەتی تورکەکانی ئەداو، ئامۆژگاری ئەکردن)) بڕوانە: ٣٠/ ٢٨٣.

بـەهۆی ئـەم یارمـەتییـەی سـۆڤێتەوە (( تورکیـا لـە کـاتی کردنـەوەی

کۆنگرەی لۆزانـدا لـە ٢٠ ی تشـرینی دووەمـی ١٩٢٢ دا، بـە پشـتیوانی چالاکانەی ڕوسیای سۆڤێتی، توانی هێزەکانی بەریتانیا و یونان بشـکێنێ و پەیمانی سیڤەر هەڵوەشێنێ)) بڕوانە: ٣٠ / ٢٧٧. (( ئـەم هەڵوێسـتەی سۆڤیەت بارودۆخی هاوپەیمانەکانی سەخت کرد،تورکیا لـە جیـاتی ئـەوەی بەرەو ڕوی ڕوسیای قەیسەری بوەستێ، کە دوژمنـی ئاسـایی تورکیـا بـوو، یەکێتی سۆڤیەت بـوو بـە دۆسـتی و پێکـەوە دژ بـە دەوڵـەتانی ڕۆژئـاوا } بـەریتانیا و فەرەنسـا{ کەوتنـە ئیش بـۆ هەڵوەشـاندنی پـەیمانی سـیڤەر. ئەمەش بـوو بـە هـۆی تێکـدانی گشـت نەخشـەی هاوپەیمانـەکان بەرامبـەر هـەردوو کێشـەی کـورد و ئەرمـەن)) بڕوانـە: ٦/١١. بـەهۆی یارمـەتی سیاسـی، مـالی، شـارەزایی سـەربازی و لۆجیسـتیکی زۆری ڕوسـیای سۆڤیەتییەوە بۆ کەمالییەکان و، بەهۆی ڕێکەوتنی دوقۆڵی نێوان هەردوو

---

[14] ئەم پۆستە لە حکومەتی سۆڤیەت دا بەرامبەر وەزیری بەرگری بووە. حکومـەتی سۆڤێتی و تورکییـەوە، هـەروەها بـەهۆی نـاکۆکی بەرژەوەنـدی وولاتـانی هاوپـەیمان لـە تورکیـا" ئـەم ولاتـە لـە لێـواری مـردن و هەڵوەشاندنەوەی گەڕایەوە و پشتی لە ژێر هەرەسی جەنگی جیهانی یەکەم دا ڕاست کردەوە. ئەو یارمەتیانەی ڕوسیای سۆڤیەتی بۆ تورکیا بونە هۆی:

یـەك: داگیرکردنـەوەی ئـەرمینیا و ڕوخانـدنی کۆمـاری یـەکگرتووی ئەرمینیا.

دوو: بینابونـەوەی توانـای سـەربازی و جـەنگی سـپای تورکیـا و هێـزە چەکدارەکانی و، لە چەند پەلامارێکدا هێزەکانی فەرەنسای لە سیلیزیا و، هێزەکانی یۆنانی لە ئەنەدۆڵ دەرپەڕاند.

سێ: بەهێزبونی کـەمال ئـەتاتورك و لاوازبـونی حکومـەتی عوسمـانی،

ئەگەر بە پێچەوانەوە بوایە ڕەوتی ڕوداوەکان ڕویان لە هەڵوەشاندنی تورکیا بوو.

چوار: زەمینەخۆشکردن بۆ هەڵوەشاندنی پەیمانی سیڤەر و ئیمزاکردنی پەیمانی لۆزان.

پێنج: نزیك بونەوەی ڕوسیای سۆڤیەتی و تورکیای کەمالی لە یەکتر و ، ئیمزاکردنی پەیمانی (دۆستایەتی و هاریکاری) لە نێوانیان دا، دەوڵەتانی هاوپەیمانی ترساند و، بۆ ئەوەی تورکیا لە دەست نەدەن و بە یەکجاری نەکەوێتە باوەشی سۆڤێت، هەڵوێستی ڕەقی خۆیان گۆڕی و کەوتنە پشی‌پشی‌ودڵدانەوەی تورکیا. بەریتانیا کە زۆر سەرسەختانە دژایەتی تورکیای ئەکرد (( چونی هێزەکانی سۆڤێت بۆ پشت کافکاس و نزیك بونەوەی تورکیا لە سۆڤێت و خەتەری بەلشەویك کردنی تورکیا ترساندی. لەبەر ئەوە لە پێناو دابین کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا، ناچاربوو سیاسەتی خۆی لە بەرامبەر تورکیا بگۆڕێ.)) بڕوانە:٧/١٥. بەو پێیە وڵاتانی هاوپەیمان هەریەکەیان بە جیا ئەم پەیماننامانەیان لەگەڵ تورکیا ئیمزا کرد:

ئەلف: پەیمانی(فرانکلین-دویلۆنی) لەگەل فەرەنسا لە ٢٠/تشرینی یەکەمی/ ١٩٢١ دا.

بێ: پەیمانی ١٣/ ئاداری/ ١٩٢١ لەگەڵ ئیتالیا. بەگوێرەی ئەم پەیمانە ئیتالیا هێزەکانی خۆی لە ناوچەی ئەدەنە کێشایەوە.

تێ: پەیمانی (مۆدانیا) لەگەڵ بەریتانیا لە ١١/ تشرینی یەکەمی / ١٩٢٢.

لەم بوارەدا نابێ ووریایی و کارامەیی مستەفا کەمال لە باش بەکارهێنانی شوێنی جوگرافیای تورکیا و، گۆڕانە جیۆپۆلیتیکی‌یەکانی

ناوچەکەدا بە قازانجی تورکیا، فەرامۆش بکرێ. هەروەك لە بواری هەل و مەرجی ناوخۆش دا ناکرێ دڵسافی و خۆشباوەڕی کورد بە بەڵێنەکانی ئەتاتورك و دەوری لە بەهێزکردنی‌دا، نادیدە بگیرێ.

(( مانگی مایسی ١٩١٩ فەرید پاشا وەزیری اعظم (واتە: سەرەك وەزیر- م.ڕ) لەسەر داوای بەریتانیا، ژەنراڵ مستەفا کەمال ئەتاتاتورکی نارد بۆ سەرکوتکردنی دەنگی ئەو (سۆڤێتات)ەی لە ناوچەی ئەنادۆڵ (کوردستان) دروست بوبون. ئەتاتورك کە گەیشتە کوردستان خۆی وەك }ڕزگارکەری کوردستان{ بە خەڵکی ناوچەکە ناساند. ئەتاتورك لە پێناوی ڕاکێشانی سۆزی خەڵکەکەدا، بە هۆشیاری‌یەوە هەوڵی ئەدا ناوی میللەتی تورك بەسەر زاری‌دا نەیەت. لە باتی ئەوە تەئکیدی لە برایەتی و دۆستایەتی هەردوو میللەتی تورك و کورد ئەکرد، یان بە میللەتی عوسمانی ناوی ئەهێنان)) بڕوانە: ٢٠/٩٩-١٠٠.

ئەم هەڵوێستەی ئەتاتورك لە کورد، لەبەر وەزعی خراپی تورکیا بوو. هەر ئەم هەلومەرجە بوو وای لە ئەتاتورك کرد، کە لە مادەی (١)ی بەڵێننامەی ئەماسییەدا- کۆتایی ١٩١٩ – دان بە (( مافە کۆمەڵایەتی‌و نەتەوەیی‌یەکانی کوردا بنێ))بڕوانە: ٢٠ / ١٠١. بەڵام دواتر کە بەهۆی کۆمەکە سیاسی، ئابوری، عەسکەری و لۆجستیکی‌یەکانی ڕوسیای سۆڤێتی‌یەوە توانی بەرەی هاوپەیمانان لەبەر یەك هەڵوەشێنێ، نکۆڵی لە هەمو مافێکی کورد کرد و (( لە جیاتی ئەوەی مافەکانی گەلی کوردستان بسەلمێنن. هەموو بەڵێنەکانی خۆیان شکاند و بە چاوێکی سوکەوە تەماشای مافی نەتەوایەتی کوردیان ئەکرد. لەم بارەیەوە جەواهێر لال نەهرۆ لە کتێبی – چەند سەرنجێك لە بارەی مێژووی جیهانەوە- دا ئەڵێ......:تورکەکان کە تازە لە خەباتی ڕزگاری خوازی خۆیان بوبونەوە دەستیان کرد بە چەوساندنەوەی ئەو کوردانەی کە داوای سەربەستی خۆیان

دەکرد. بەڕاستی سەیرە، نەتەوە پەرستی‌یەك کە تا دوێنێ پارێزگاری لە وڵاتانی خۆی دەکرد، دەسدرێژی بکاتە سەر سەربەستی نەتەوەی تر )) بڕوانە: ١٤٩/١١. روسیای سۆڤێتی ئەم هەڵوێستەی کەمالیستەکانی بە پێشکەوتنخوازی لە قەڵەم ئەدا، گوایە لەبەر ئەوەی ((ئەو دەوڵەتە کوردی‌یەی بە پەیمانی سیڤەر لە دایك ئەبێ، دوڵەتێکی کۆنەپەرستی سەر بە ئینگلیز ئەبێ)) بڕوانە: ٤٦. لەم بارەیەوە دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی رای رونی هەیە و (( پێی وایە کە کەمال ئەتاتورك تەنیا بە قسە پێشکوتنخواز بووە، ئەگینا هەموو کردەوەکانی لە دژی کورد کۆنەپەرستانە و بە قازانجی ئیمپریالیزم بوون.)) بڕوانە: ٣١/١٨-٢٨.

کەواتە بە ئاسانی ئەتوانین یارمەتی و کۆمەکی روسیای سۆڤێتی بۆ تۆرکیای کەمالی، بە فاکتەرێکی گرنگ و بگرە بنچینەیی لە قەڵەم بدەین بۆ بە هێزکردنی تورکیا و زاڵبونی بەسەر کێشەکانی دا و، لە باربردنی ئاواتەکانی کورد و ئەرمەن و، ڕزگارکردنی تورکیا لە هەڵوەشان و پارچە پارچە بوون.

٣ — ٢ دەوری روسیای سۆڤێتی لە بەهێزکردنی ئێران و زاڵکردنی بەسەر کێشەکانی‌دا.

(( ساڵی } ١٢٨٤ ك.هـ: ١٩٠٥ ز{ بە فەرمانی حاکمی تاران ، دوو بازرگانی شەکر بە تۆمەتی مۆنۆپۆل کردنی بازاڕ، لە بەرچاوی خەڵك کران بە دارا. لەبەر ئەوەی خەڵك ئەیانزانی سەری خەتاکە ڕژێمی شایە ودوو بازرگانەکە قوربانیانی دوژمنایەتی شەخسی بوون. نارەزایی دەستی پێکرد: خۆپیشاندان، کۆبونەوە لە ناو مزگەوت، دەرکردنی بەیان، کۆبونەوەی سیاسی شەوانە و} بەست نشین{ ی لەناو شوێنە پیرۆزەکاندا دەستیان پێکرد و پێکادانی خوێناوی لە نێوان جەماوەر و دارودەستەی حکومەتی شادا قەوما. نارەزایی و راپەڕین زوو تەنییانەوە بۆ شارەکانی

تـر، بـه تایبـەتی لـە ویلایـەتی پێشـکەوتوو، تاڕادەیـەك خۆشـگوزەرانی ئازربایجان، پێکادان توند تر بوو، لـەوێ ( حکومـەتی مـەشروتە) ش بـووە یەکێك لە داواکانی شوڕشگێڕان. بەهۆی:

هەوڵ و تەقەللای شوڕشگێڕان.

لاوازی حکومەتی شاو"

پشتیوانیی کاریگەری ئینگلیز لە شۆڕش."[15]

زوو بەزوو دەستور ڕێکخراو، مظفرالـدین شـا بـەر لـە مردنـی، ئیمـزای کرد. محمد علی شا کـە بـە عینـوانی شـای (قـانونی)نـوێ لەسـەر تـەختی پاشایەتی و لە جێگەی باوکی دانیشت، بـە زۆری شۆڕشـگێڕان، وازی لـەوە هێنا دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین بکوژێ و(حکومـەتی مـەشروتە) نەهێڵێ.

سـاڵی (١٢٨٦ ك.ه:١٩٠٧ ز) پـەیمانێکی نهـێنی لـە نێـوان ڕوس و ئینگلیز دا ئیمزا کرا. بە گـوێرەی ئـەم پەیمانـە ئێـران بەسـەر دوو ناوچـەی نفـوزی، ڕوس و ئینگلیـز دا، دابەشـکرا و بـە ناوچـەیەکی بێلایـەن لەیـەك جیاکرانەوە)) بڕوانە: ٢١ / ١٠٣ — ١٠٤.

(( بەگوێرەی فەسڵی یەکەم و دووەمی ئەو پەیمانە ئێران بەم شێوەیە لـە نێـوان ئـەو دوو وڵاتـەدا بەشـکرا: بـەرەو ژووری هێڵـی: قەسـری شـیرین- ئەسفەهان- یەزد- سـنوری ئێـران لـە خـاڵی لەیـەك دانـی سنوری ڕوس و ئەفغانسـتان دا، ناوچـەی نفـوزی ڕوسـیا. بـەرەو خـواری هێڵـی : سـنوری ئەفغانسـتان- کازیك- بیرجند- کرمـان- بەنـدەر عـەباس، ناوچـەی نفـوزی ئینگلیز)) بڕوانە: ١٩ / ٤٦٠.

---

[15] ئینگلیز بە دوو هۆ پشتیوانی لێ کردن:

١ – لاوازکردنی نفوزی ڕوس.

٢ – سروشتی دیموکراسیانەی داواکانی خەڵك. گوایە جۆرێك بووە لە دیموکراسییەکەی لای ئەوان.

لە دوای شکستی شۆڕشی مەشروتە و لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەم دا: بەرتیل خۆری، دزیی مەئمورانی دەوڵەت، پیلانی هاوبەشی نۆکەرانی ناوخۆ و ئیمپریالیزم و، خراپی باری ئەمنی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، سیمای حکومەتی کۆنەپەرستی شا بوون. (( کە جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هات، ئێران لە ڕوی ئابوری و سیاسییەوە بێجگە لە وێرانەیەك شتێکی تر نەبوو)) ٢١ / ١١١.

لە کات و لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم، شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە کوردستان، ئازربایجان ، گیلان و خۆراسان لە لایەن ڕابەرانی وەك: سمکۆی شکاکن شێخ محەمەدی خیابانی، میزا کوچك خان، محەمەد تەقی خان و (خودا وێردی)[16] یەوە بەڕێوە چوون.ئا لەو هەل و مەرج و تەنگانەیەدا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و، حکومەتی سۆڤێتی بۆ ئێران و حکومەتی پاشایەتی کۆنەپەرستی شا، بونە فریشتەی ڕزگار کەر. ئەحمەدی کسرەوی، سەبارەت بە چارەنوسی ئێران، ئەڵێ ((ئەگەر جەنگی گەورەی ئەوروپا لەساڵی ١٩١٤ دا بەرپا نەبوایە و، لە کۆتایی ئەویش دا شۆڕشی

---

[16] خودا وێردی: سەرکردەی ڕاپەڕینی کوردانی خۆراسان بووە.ساڵی ١٩٢٠ دەستی داوەتە شۆڕش و، سپاکەی بریتیبووە لە فەقیر و هەژاری کوردی خۆراسان. داوای دامەزراندنی ( کۆمارێکی سۆسیالیستی) کردووە. ساڵی ١٩٢١ گیراوە و ئیعدام کراوە، شۆڕشەکەی خامۆش بۆتەوە. بۆ زانیاری

زیاتر بڕوانە: برهان برادۆست- خدو الخراساني ، جمهوريتـه الاشتراكية- الاتحاد، الصحيفة المركزية للاتحاد الوطني الكردستاني- العدد١٥٩.
مـەزنی بەلشـەویك ڕوی نەدایـە، خـوا ئـەیزانی کـە ئێـران لـە سـایەی ئـەم پەیمانـەدا- مەبەسـتی پـەیمانی نهـێنی ١٩٠٧ ی نێـوان ڕوس و ئینگلیـزە، م.ڕ- چی بەسەر ئەهات)) ١٩/٤٦٠.

ئەوەی ڕونە، ئەگەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕوی نەدایە، لانی کـەم ئێـران لـە نێوان ڕوس و ئینگلیزدا بەش ئەکرا، ئەگەر بەشی سێهەمیشی بەر فەڕەنسا نەکەوتایە. ئەمەش باشـترین دەسـکەوت بـوو بـۆ گـەلانی نـاو چوارچـێوەی سنوری ئیستای سیاسی ئێران.

ئەگەر قەومانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئێرانی لە هەڵوەشـان وپارچـە پارچـە بوون ڕزگار کردبێ، ئەوا حکومـەتی سـۆڤێتیش، دەسـەڵاتی کۆنەپەرسـتی قاجارەکانی لە کەوتن ڕزگار کرد و، زەمینەشی خۆش کرد بۆ بـوونی (ڕەزا خان) بە (ڕەزا شا).

(( حکومەتی بەلشەویك لە ٢٠ یمایسی ١٩٢٠ دا سپای لە بەنـدەری ئەنزەلی دابەزاند... هەوڵی دا و ئیئتلافێکی لە نێوان مـیرزا کوچـك خـان و، گروپـی ( مـارکسیسـتی) شۆڕشـگێڕی خـەڵکی ئازەربایجـان بـە ڕابـەری حەیدەر خان، پێك هێنا. ئەم ئیئتیلافەبـە کۆمـەکی مـادی و مەعنـەوی و تەکنیکی شورەوی ڕەشت ی داگیر کرد و، تێیـدا کۆمـارێکی شۆڕشـگێڕی ڕاگەیاند)) ٢١ / ١١٨ - ١١٩.

حکومەتی سۆڤێتی هەر کۆمەکی شۆڕشگێڕانی گێلانی نەکرد، بـەڵکو لـە سـەرەتاوەکۆمەکی هـەموو شـۆڕش و بزوتنـەوەکانی تریشـی کـرد، بـۆ

ئەوەی بیانکاتە فاکتەری گوشار لەسەر حکومەتی شا.
(( لەدوای دروست بونی کۆماری گیلان، لە ژوئیە(حوزەیران) ی ۱۹۲۰ دا حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئەنزەلی دروست کرا. حکومەتی ناوەندی ئێران کە ئەم گۆڕانانە نارەحەتیان کردبوو، بە پەلە بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی نێوان خۆی و شورەوی گفتوگۆی دەس پێکرد. وەڵامی شورەویش خێرا و ئیجابی بوو حزبی کۆمۆنیستی ئێران، کەمتر لە چەند مانگێك پاش دروست بوونی بەم "ئەنجامە" گەیشت کە شۆڕشی ئێران ئەبێ چاوەڕێی پێگەیشتنی تەواوی بورجوازی نیشتمانی دا بێ....!..و لە ۲٦/ فوریە (شوبات) ی ۱۹۲۱ دا ئێران و شورەوی لە مۆسکۆ ڕێکەوتنێکیان ئیمزا کرد)) ۲۱/۱۲۰. بەو شێوەیە نیازی شورەوی بۆ نزیك بونەوە لە ئێرانی شاو پێشگرتن بە نفوزی ئینگلیز لە ئێران هاتە دی. دەسکەوتی مادی ئێرانیش لەم ڕێکەوتنە (( ۱۰۰ ملیۆن ڕۆبلی زێڕ بوو)) ۲۹/ ۲۳۳، سەرباری دەسکەوتی مەعنەوی زۆر کە بریتی بوو لە (( لەبەر یەك هەلوەشانی ئیئتلافی گیلان لەئەنجامی ئەو ئایدۆلۆجی‌یەی شورەوی لە ڕێگەی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە لە ناو شۆڕشگێڕانی گیلان دا دروستی کرد)) بڕوانە: ۲۱/۱۲۰.
لە بارەی ئەم ڕاستی‌یەوە (( بلۆمیکین کە ئەفسەری ئاسایشی بەلشەویك بوە لە ناو جەنگەڵی‌یەکاندا، وتویەتی" مۆسکۆ دەستوری کۆتایی پێهێنانی شۆڕشی گیلانی دا)) ۲۱ / ۱٤۰ پەراوێزی ژمارە ٦.
(( ڕەزا خان لە هەلومەرجێکی تایبەتی مێژوویی ئێران دا پێ‌گەیشت)) بڕوانە:۲۱/ ۱۱۸-۱٤٤، خۆیشی خاوەنی کەسێتی‌یەکی دوفاق بوو:
لە لایەك توند تەبیعەت و قسە لە ڕوو بوو تا ڕادەی بێ‌نەزاکەتی، لە لایەکی تریشەوە توانای شاردنەوەی دیدو بۆچون و نەخشەکانی خۆی و، تەنانەت توانای شاردنەوەی کینەی شەخسیشی زۆر بەرز بوو. ئەو هیچ

دڵێکی بە ئازادی خۆش نەبوو، کەچی لەسەرەتای کاردا خۆی وا پیشان ئەدا کە لە چوارچێوەی قانون و نظام دا ئەجوڵێتەوە، هیچ مەیلێکی لەگەڵ دیموکراسی‌ش نەبوو. بەڵام خەلك پەروەری لە ڕەفتاری دا ئەبینرا)) ٢١/ ١٢٧.

ڕەزا خان کە وەزارەتی جەنگی کەوتە دەست، بە شێوەیەکی ناقانونی کەوتە بە دەست هێنانی (اعتبارات مالي). لە ناو ئەرتەش دا خۆشەویست بوو، بەڵام لە ناو خەڵك دا وردە وردە زڕا. لەسەر دەست پیسی لە ناو ئەنجومەنی ملی ئێرانەوە لێی کەوتنە تەقە. سەید(حەسەن مودەرس) کە پێشتر پیی وابوو لە وڵات دا تەنیا ڕەزا خان و خۆی ئازایەتی سیاسی یان هەیە و مەردی ڕاستەقینەن، لە ناو ئەنجومەن دا هێرشی توندی کردە سەر ڕەزا خان. (( ڕەزا خان فەرماندەی ئەو هێزەش بوو کە لە ساڵی ١٩٢١ بە یەکجاری شۆڕشی جەنگەڵی یەکانی گیلانی سەرکوت کرد. شۆڕشە عەشایری و ناوچەیی‌یەکانیشی لە ناو برد)) ٢١/١٢٤.

لەگەڵ ئەم هەموو سیفەتە ناشرینانەی ڕەزا خان دا، کەچی بەلشەویکەکان و بە هان دانی ئەوانیش کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکانی ئێران، لە هەوڵی جوانکردنی دەم و چاوی ڕەزا خان دا بوون ((ڕۆچتین و شومیاتسکی کاردارانی ڕوس لە تاران لە ماوەی ساڵانی ١٣٠٠ /١٩٢١ و ١٣٠٤ /١٩٢٥ دا، هەردوکیان ڕەزا خانیان بە ڕابەری بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی (بۆرجوادیموکراتیك) ی ئێران و، نەیارانی ئەویشیان بە تاقمێکی کۆنەپەرستی (فیودالی) یان (نیمچە فیودالی) و مەزەبی لە قەڵەم داوە. زۆر ووتاری بڵاوکراوە جۆراوجۆرەکانی شورەوی، ڕەزا خان یان

بە هەمان شێوە وەسف کردوە. بۆ نمونە: وتارێکی بڵاوکراوەی (نوری وستك- ١٣٠٣ / ١٩٢٤) ڕەزا خانی بە (رابەری بزوتنەوەی نەتەوەیی شۆڕشگێڕی ئێران، کە توانیویێتی سەربەخۆیی ئێران دابین بکا) ناو بردووە)) ٢١/ ١٤١. پەراوێزی ١٣ .ابوالقاسم لاهوتی کە ئەندامێکی گەورەی حزبی شیوعی ئێران و لە هەمان کاتدا ئەندامی حیزبی شیوعی سۆڤێتی و لە دەزگای جاسوسی (کەی. بی. ئۆ)[17]ش دا کاری کردوە، لە بارەی دەوری حیزبی شیوعی سۆڤێتەوە لە گەورە کردن و (تقدیس) کردنی ڕەزا خان دا ئەڵێ(( فەرمانبەرەکانمان- مەبەستی فەرمانبەرەکانی دەزگای جاسوسی (کەی. بی. ئو. بووە، م.ڕ- لە ئێران لە ناو خەڵك دا بڵاویان ئەکردەوە کە نەیارەکانی ڕەزا خان نۆکەری کۆلۆنیالیزمی بەریتانیان)) ٣٩/٤١.

(( مانگی تیری ١٣٠٣ دا، لە کاتێکدا جێگری کۆنسولی ئەمەریکی لە ناو خۆپیشاندانێکدا خەریکی وێنەگرتن بوو، خەڵك پەلاماریان داو کوشتیان. وا بڵاویان کردەوە کە هەم ڕەزا خان و هەم سەید حسن مدرس بە دەستی ئینگلیز ئەمەیان کردووە. بەڵام ڕادیۆی مۆسکۆ ئەمەی بە پیلانی نەیارانی کۆنەپەرست و فیودالّی ڕەزا خان، وەسف کرد)) بڕوانە: ٢١/١٣٣-١٣٤.

ئەم بۆچوونە شێواوە ئایدۆلۆجی‌یەی مۆسکۆ لەسەر ڕەزا خان، عەقڵی لە کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکانی ئێران یش سەند بوو، ئەندامانی

---

[17] (کەی. بی. ئۆ) ناوی دەزگای موخابراتی ڕوسی بوو لەسەردەمی قەیسەر و لینین دا، ئەم دەزگایە لەسەردەمی ستالین دا ناوی گۆڕدرا بۆ (کەی. جی. بی..)

حیزبی شیوعی ئێران یش هەر وا گۆش ئەکران. لەم بارەیەوە ابوالقاسم

لاهوتی ئەڵێ:(( بە سوڵتان زادە- سەرۆکی ئەودەمەی حزبی شیوعی ئێران - م (م. ڕ) وت: ئەگەر ڕەزا خان کۆنترۆڵی هەمو ئێران بکا، ئەوا زەرەری گەورە بەر حیزبی شیوعی ئێران ئەکەوێ.. ئا لێرەدا سوڵتان زادە بە توندی قیڕاندی بەسەرما و وتی: ئایا نازانی ئائەمە بەڵگەی لادانی ڕاست و ڕەوانە؟... حیزب پێی وایە کە کودەتای ڕەزا خان لە توێکانیدا بەڵگەی ڕێنیسانی سەرمایەداری هەڵگرتوە. لەبەر ئەوە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سەر بە ئایدیای ماتریالیزمە)) ١٧/٣٩، لەوەش زیاتر (( لە سەرەتای چەرخی ڕەزا خان دا حیزبی شیوعی ئێران پێ ی وا بوو کە هاتنی ئەم کابرایە بۆ سەر کورسی حوکم ڕێگە خۆش کردنە بۆ حکومەتێکی سۆسیالستی، لەبەر ئەوە حزب فەرمانی دا بە هەموو ڕێکخراوەکانی ئیجرائاتی توند لە دژی هەموو ئەو کەسە ناودارانە وەرگرن کە دژایەتی ڕەزا خان ئەکەن، سا ئیتر سیاسی بن یان نا سیاسی. بەو شێوەیە لیست و فایل بۆ ئەو کەسانە ڕێکخران و هەڕەشەیان لێ کرا کە ئەگەر پێویست بکا ئەیانکوژن)) ٢٧/٣٩. بەلشەویکەکان وا مێشکی ئەندامەکانی حزبی شیوعی ئێرانیان شتبووەوە کە لە باتی ئەوەی فێری دڵسۆزی بۆ ئێران یان بکەن (( سوێندیان ئەدان کە ئەبێ دڵسۆزی ڕوسیای کۆمۆنیزم بن)) بڕوانە: ١٨/٣٩.

ئەم سیاسەتی دەماغ شتنەوەیە وای لە شیوعییەکانی ئێران کرد کە بەرژەوەندی ڕوسیای شیوعی بخەنە سەرو بەرژەوەندی ئێرانەوە(( سلێمان میرزا ئەسکەندەری، ڕابەری فراکسیونی سۆسیالستەکانی ناو پارلەمان کە تازە دامەزرا بوو، گۆڵی" ڕابەری بورجوا- ناسیونالست" خوارد و چو بوە عەقڵییەوە کە ڕەزا خان ڕێزی ئەوی لایە و ، ئەگەر ببێ بە پاشای ئێران، پاشایەتی ناکا بە میرایەتی بۆ خێزانەکەی خۆی، لەبەرئەوە، لە ناو ئەنجومەندا بە کوڵ هەوڵی ئەدا ڕەزا خان ببێ بە ڕەزا شا، وەختێك هۆشی

هاتەوە تازە کار لە کار ترازابو)) بڕوانە: ١٤٤/٢١ پەراویزی ژمارە ٣٠.
لە بارەی پشتیوانی کردنی ئەندامانی حزبی شیوعی ئێران لە ناو پەرلەمانی ئێران دا لە ڕەزا خان، بە سلێمان میرزا ئەسکەندەریشەوە، ئەبولقاسم لاهوتی نهێنی‌یەکی گرنگی ئاشکرا کردووە و ئەڵێ: (( دەسبەجێ ئیعاز درا بە ئەندامەکانی حیزبی شیوعی ئێرانی- ئیعازەکە سۆڤێت داویتی، م.ڕ- کە پێویستە تەئیدی ڕەزا خان بکەن، هەروەك ئیعاز درا بە باشترین فەرمانبەرمان لە ئێران- مەبەستی فەرمانبەری دەزگا جاسوسی،کەی.بی.ئۆی سۆڤێتی‌یە،م.ڕ- سلێمان میرزا ئەسکەندەری، کە ئەو کاتە ئەندامی پەرلەمان بوو لەم بارەیەوە تەگبیری پێویست وەرگرێ. ئەسکەندەری بە هۆی (عەباس ئەسکەندەری) برایەوە مەبلەغێکی گەورە پارەی کەی.بی. ئۆی وەرگرت و، بەشێکی بۆ ئەو ئەندامانەی پەرلەمان بوو کە هاریکاریان ئەکرد. سلێمان میرزا ئەسکەندەری لەگەڵ ڕەزا خان ڕێك نەبوو بەڵام بە ناچاری ئەم فەرمانەی جێبەجێ کرد. بە هەر حاڵ پانزە ئەندام دەنگیان دا بە ڕزا خان و هەڵبژێردرا بە مەلیکی ئێران)) ٤١/٣٩ .
(( ئەو بۆچوونە لەسەر کەسێتی ڕەزا خان مۆدێلی مۆسکۆ بوو، وە ئینگلیزەکانیش مۆدێلی خۆیان هەبوو لەسەر کەسێتی ڕەزا، کە بۆ ئەم باسە پێویستمان پێی نییە، بەڵام مۆدیلی سێیەم و (زۆر ئێرانی تر) ئەوە بوو کە عامەی ئێران ڕەزا خان یان بە ( جاسوس)ی ئینگلیزەکان و، بەرە پێشی بەرژەوەندییەکانی ئەوان ئەزانی)) بڕوانە: ١٢٤/٢١.
د. عبدالستارطاهر شریف باشی بۆ چووە کە نوسیوێتی" بەلشەویکەکان ((خراپ لە باری ناوخۆی ئێران تێگەیشتبون)) بڕوانە: ٦٤/٤٨.
سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بەتاڵکردنەوەی هەمو ئەو پەیمان و

ڕێکەوتنە نهێنییانەی ڕوسیای تزاری لەگەڵ دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان ئیمزای کردبون، بە پەیماننامەی نهێنی ساڵی ١٩٠٧ ی نێوان ڕوس و بەریتانیاشەوە، کە لە بارەی دابەشکردنی ئێرانەوە بوو. خەڵەتاندنی شۆڕشگێڕانی گەیلان و تەبریز و کوردستان و خۆراسان بۆ ئەوەی بیانکاتە ئامرازی گوشار لەسەر ڕژێمی پاشایەتی بۆ باشکردنی پەیوەندی خۆی لەگەڵی. ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی ١٩٢١/٢/١٦ ی مۆسکۆ لەگەڵ ئێران و ئەو هەموو یارمەتییە مادییەی لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەدا بە ئێرانی شا برا. تەفسیری ئایدۆلۆجی هەڵە بۆ کەسێتی ڕەزا خان، کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی بەلشەویکەکان بو لە ئێران، ئێرانیان لە پارچە پارچە بوون ڕزگار کرد، ئاواتەکانی گەلانی ئێرانیان زیندەبەچاڵ کرد، ڕژێمی پاشایەتی ئێرانیان بوژاندەوە. پاڵیان بە ڕەزا خانی(کۆزاك)ی نەخوێندەوارەوە نا، لە ناو تەفسیری ئایدۆلۆجی هەڵەی بەلشەویکەکاندا سواری شەپۆلی ڕوداوەکانی ئێران ببێ و بگاتە سەر تەختی پاشایەتی ئێران. ئەگەر تا ئێرە نەگبەتییەکانی ئەم سیاسەتانەی بەلشەویکەکان بۆ ئێران: کورد، ئازەر، بەلوج ی ناو ئێران بوبن، ئەوانی دوا تر، پریشکی نەگبەتییەکان عەرەبی خوزستان(محمرة)شی گرتۆتەوە.(( " محمرة" لە نزیك ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە (١٢٦٢ ی کۆچی)دا، بە گوێرەی پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕۆم، کە لە نێوان هەردو ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی و عوسمانی دا لە ئەرزڕۆم ئیمزا کرا، بەر ئێران کەوت)) بڕوانە: ١٦/٦٢١-٦٢٤ ، لەو کاتەوە هەتا ساڵی ١٩٢٥ هەر بەناو لەسەر ئێران بووە ئەگینا دەوڵەتی مەرکەزی ئێران هەرگیز دەستەڵاتی بەسەردا نەشکاوە، بەڵام لەو هەلومەرجە تایبەتییەی ئێرانی دوای جەنگی یەکەم دا، کە ڕەزا خانی تیا پێ گەیشتو بەلشەویکەکان ئامرازێکی یارمەتی دەری

ئەو جۆرە(شکل) گرتنەی ڕوداوەکان بوون، ڕەزا خان توانی لەساڵی ١٩٢٥ دا پەلاماری(محمرة) بدا، (محمرة)ی داگیر و شێخ غەزعەلی حاکمی (محمرة)شی دەسگیرکرد و بە زەبری هێز (محمرة)ی لکاند بە ناوەندەوە.
(( شومیاتسکی کارداری باڵوێزخانەی سۆڤێت لە تاران پێی وابوە کە ڕاوەستانی ئاشکرای شێخ خەزعەل لە بەرامبەر ڕەزا خان، بە دەسیسەی ئینگلیزە و بریتی‌یە لە سازدانی (فیوداڵەکان) لە دژی "چەق بەستن و بۆ پێشەوە چونی بۆرجوادیموکراتی ئێران")) بڕوانە ٢١ / ١٤٢، (طبعا) بە ڕابەرایەتی ڕەزا خان. لە حاڵەیکدا ئەمە زۆر لە ڕاستی‌یەوە دور بوە،((سێرپێرسی کۆکس و هەندێکی تر چەند هەوڵیان داوە نەیانتوانیوە لۆرد کرۆزنی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەو باوەڕە بێننە خوارەوە کە ڕازی بونی بوە بەوەی" شێخ خەزعەل بە دەستی ڕەزا خان لە ناو بچێ)) بڕوانە: ١٤٢/٢١.

## بەسی چوارەم

# بناغەی سیاسەتی لینین و بەلشەویك

(( لە ٥ ی کانونی یەکەمی ١٩١٧ دا، واتە چل ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتوبەر، ڕژێمی نوێ بەیانێکی بە ئیمزای لینین" سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی گەل، بۆ گەلانی ئیسلامی‌ی خۆرهەڵات بڵاوکردەوە، لە بەیانەکەدا نوسرابو:
هاوڕێیان !برایان!
لە ڕوسیا گۆڕانی گرنگ لە ڕودان و ئەنجام دان دایە، جەنگی خوێناوی

ئێستا، کە بە نیازی" دەسدرێژی بۆ سەر ئەرزی بێگانە و دابەش کردنی خاکی میللەتانی تر دەستی پێکرد، لە تەواو بوون نزیك ئەبێتەوە. دنیایەکی تر پێی ناوەتە مەیدانی بوونەوە. ئەو دنیایەش، دنیای ڕەنجدەران و گەلانی ئازادە. لە دوای ئەو شۆڕشەوە کە لە ڕوسیەدا قەوماوە، حکومەتێ دامەزراوە، کە بە ویستی کرێکاران و جوتیاران لە دایك بووە.

ئەی موسوڵمانانی ڕۆژهەڵات! ئەی ئێرانیان! ئەی تورکان! ئەی عەرەب! ئەی هیندو! ڕوی قسەی ئێمە لە ئێوەیە: لەگەڵ ئێوە کە ژیانتان، گیانتان، ماڵ و ناموستان، چەن قەرنە لەژێر پێی تاڵانکەرانی ئەوروپاییدایە و، پێشێل کرابوو.

ئێمە بە ڕەسمی ڕای ئەگەیەنین، کە هەمو ئەو پەیمان و ڕێکەوتنە نهێنیانەی قەیسەری لێخراوی ڕوسیە لەگەڵ ئینگلیز و فەرەنسە ئیمزای کردبون، بەپێی ناوەڕۆکی ئەوانە ئەبوو ئەستەمبوڵ لە دوای بڕانەوەی جەنگ بە ڕوسیا بدرێ و، حکومەتی لێخراوی (گیرنسکی)یش ئەو پەیمانانانەی سەلماند بو، هەمویان هەڵوەشێنرانەوە، ، بە نەبو دائەنرێن ونرخێکیان نەماوە.

کۆمارە سۆسیالیستەکانی ڕوسیە و، حکومەتەکەی کە فەرمانەکانی جێبەجێ ئەکا، واتە ئەنجومەنی کۆمیسیارەکانی گەل، هەردوکیان دژی داگیر کردنی ئەرزی وڵاتانی ترن، ئێمە بە ڕەسمی ڕای ئەگەیەنین ئەستەمبوڵ هی تورك خۆیەتی و، ئەبێ وەکو ڕابردو لە دەست موسوڵمانان دا بمێنێتەوە.

ئێمە بە ڕەسمی ڕای ئەگەیەنین کە پەیماننامە و ڕێکەوتنە کۆنەکانی ڕوسیا و بەریتانیا کە ئێرانی لە نێوان دو وڵاتی ئیمپریالیستیدا

دابەشکردوە، بە هەڵوەشاو و، وەکو نەبو دائەنرێن و نرخیان نەماوە.
ئەی ئێرانییان ! بەڵێنتان ئەدەینێ هەر بە کۆتایی کارە جەنگییەکان، سەربازەکانی ئێمە، خاکی وڵاتەکەتان بە جێئەهێڵن و، ئێوە خۆتان، خەڵکی ئێران، مافی ئەوەتان هەبێ بە ئازادی چارەنوسی داهاتوی خۆتان بڕیار بدەن)) ٤ / ٢١٦ -٢١٧.
٢٤ ڕۆژ دوای ئەم بەیانەی لینین، حکومەتی سۆڤیێتی لە (( ٢٩ ی کانونی‌یەکەمی ١٩١٧ دا مەرسومێکی لە بارەی مافی گەلی ئەرمینیای خۆرئاوا و مافی چارەنوسی‌یەوە دەرکرد، تیایا داوا کرابو کە هەمو نەفی کراو و، ئاوارە پەراگەندە بوەکانی ئەرمەن، لە هەمو وڵاتانی دنیا بگەڕێنەوە بۆ ئەرمینیای خۆرهەڵات، هەروەها گەڕانەوەی هەموئەو ئەرمەنانەی" دەسەڵاتداری تورك لە زێدی خۆیان دەریان کردبون. مەرسومەکەی حکومەتی ڕوسیای سۆڤیێتی، بە پێویستی زانیبو کە ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل لە کاتی گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ تورك، ئەبێ ئەم داوایانە بخەنە بەردەمی گفتوگۆکەرانی تورك))پڕوانە: ٣٥/١٦٩.
لە ١١ ی کانونی دووەمی ١٩١٨ ش دا، حکومەتی سۆڤیێتی بڕیارێکی لە بارەی (( ئەرمینیای تورکیا)) ەوە دەرکرد تیایدا بە دەق هاتبو(( ئەنجومەنی نوێنەران بۆ گەلی ئەرمەن ی ڕائەگەیەنێ کە حکومەتی کرێکاران و جوتیاران لە ڕوسیا تەئیدی کێشەی ئەرمەن و مافەکانیان لە " ئەرمینیای تورکیا" ئەکا کە ڕوسیا داگیری کردووە، بواریان ئەدا حکومەتێك پێك بهێنێن و سەربەخۆیی خۆیان بەهێز بکەن. لەم بڕیارەدا و بۆ بەدی هێنانی ئاواتی ئەرمەن، حکومەتی ڕوسیای سۆڤیێتی ٤ گرنتی دابوو. هی چوارەمیان بریتی بو لە: پێکهێنانی حکومەتی گەلیی کاتی لە "ئەرمینیای تورکیا" بەم شێوەیە ئەنجومەنێکی نوێنەرایەتی لە دایك بوو، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی

دیموکراتییەوە لە ناو گەلی ئەرمەن دا)) بڕوانە: ٣٥ ⁄ ١٧٠ – ١٧١.
بە هەوڵ و کۆششی لینین(( ئەنتەرناسیونالیزمی سێیەم لە ئازاری ١٩١٩ دا دامەزرا، لینین لە کۆنگرەی دامەزراندنی کۆمنترن دا ڕۆڵی کارا و چالاکی بینی لە داڕشتنی دروشمەکانی خەباتی قۆناغی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم دا. لەو پێناوەدا کتێبێکی لە بارەی کێشەی نەتەوەیی و کۆلۆنیالیزمەوەنوسی و لە کۆنگرەی دووەمی کۆمینترن دا (تەموز- ئاب- ١٩٢٠) خوێندیەوە و مناقشەکرا، تیایدا گرنگییەکی زۆر بە مافی چارەی خۆنوسینی گەلان بەبێ جیاوازی، درابو)) بڕوانە: ٢٩⁄٢٠٢. لیژنەی تەنفیزی کۆمینترن لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٢٠ دا بڕیاری بەستنی کۆنگرەی باکۆی دا، بۆ ئەمە لیژنە بانگەوازێکی ئاڕاستەی (جەماوەری چەوساوەی ئێران، ئەرمینیا و تورکیا) کردو، لە ١ ی ئەیلولی ١٩٢٠ دا، کۆنگرەی یەکەمی گەلانی خۆرهەلات لە باکۆی پایتەختی ئازربایجانی سۆڤێتی، لە ژێر دروشمی (ئەی کرێکاران وگەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن)دا، دەستی بە کارکرد. لەو کۆنگرەیەدا گەلێك بڕیاری گرنگ دران.

ئەم بڕیار و مەرسوم و کۆنگرانەی لینین و حکومەتی ڕوسیای سۆڤێتی و کۆمینترن لە گەرمەی کەف و کوڵی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ڕاگەیەنران و ئەنجام دران. ئەمانە لە کاتێکدا بون کە هێشتا ئایدۆلوجیای لینینزم لە سەنگی مەحەك نەدرابو. بەلام پاش ماوەیەکی کەم، کە ئایدۆلوجیا لەگەڵ کێوی سەختی واقیع دا ڕوبەڕو بو، لینین لە پێناوی بەژەوەندی گەلی ڕوس دا سیاسەتی ئەمری واقع ی هەڵبژارد:

لینین لەو لیکۆڵینەوەیەدا کە، پێشکەشی کۆنگرەی دوەمی

کـۆمینترنی کـرد نوسـیبوی (( بزوتنـــەوەی شۆڕشـــگێڕانە لــە وڵاتـــانی پێشـکەوتو، بـە بێـیەکگرتنی بـە هیـز و هەمـەلایەنـە لـە نێـوان خـەباتی کرێکاران لە دژی سەرمایە لـە ئـەوروپا و ئەمـەریکا و لـە نێـوان خـەباتی سەدان و سەدان ملیۆن لە کۆیلەی وڵاتانی کۆلۆنیالی چەوساوە لـە لایـەن هەمان سەرمایەوە، ئەبێتە خەڵەتاندنێکی ڕوت)) ٢٩/٢٠٢، کەچی هـەر ئەو لینینـەی خـاوەنی ئـەم قسـەیە، وەك چیچـیرنی وەزیـری دەرەوەی لیـنین خۆی ئەیگێڕێتەوە (( هـەوڵی بێئەنـدازەی داوە بـۆ ڕاکێشـانی سـەرمایەی ئەمەریکا و ئەڵمانیا و بەریتانیا بۆناو روسیا)) بروانە:٣٢/٢٢١.

(( کـۆنگرەی یەکـەمی بـاکۆ لـە ڕۆژانـی ١ - ٧ ی ئـەیلولی ١٩٢٠ دا کۆمـەڵێ بڕیاری وەرگرت، لەوانە:

- کۆبونەوەی دەوری‌کۆنگرەی گەلانی خۆرهەڵات.

- دامـەزرانـدنی ئەنجومـەنی پروپاگەنـدەکار بـۆ گـەلانی خۆرهـەڵات، پێکهاتو لە ٤٨ ئەندام، کە بڕیـار بـو لـە بـاتی لیژنەیـەکی تـەنفیزی بێ‌و لەنێوان کۆبونەوەکانی کۆنگرەدا دەسەڵاتی فراوانی هەبێ وەك:

* ڕێکخستنی کاری پروپاگەندە لە هەمو خۆرهەڵات دا.

* دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و نامیلکەو بەیان.

* کردنەوەی زانکۆیەك بۆ زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان، تایبـەت بـێ بـە کرێکارانی خۆرهەڵات و یەکخستن و یارمـەتی دانـی بزوتنـەوەو رزگـاری- خوازەکان لە وڵاتەکانیان دا.)) ٢٩/٢١٦-٢١٧.

بـەڵام ئـەم بڕیارانــە کــە لەگــەڵ ئــەمری واقــع دا بــە یەکیانــدا دا، ئایدیولوجیا بوە هەڵم و بڕیارەکانیش بونە تۆز: ((کۆنگرە کۆتایی هات و جارێکی تر کۆنەبوەوە، ئەگەرچی بڕیـار درابـو لانـی کـەم هەرسێ مـانگ جارێ کۆببێتەوە، گۆڤاری (گەلانی خۆرهەڵات) کە بڕیار درا بـو مانگانـە دەر بچێ، بێجگە لەو تاکە ژمارەیەی کارنامە و بەڵگە نامەکانی کۆنگرەی

تیا بلاوکرایەوە، ژمارەی تری لێدەرنەچو. ڕۆژنامەی (خۆرهەلاتی سور) کە کۆنگرە بڕیاری دابو دەر بچێ و داواشی لە لینین کرد بە وتارێك بەشداری دەرکردنی ژمارەی یەکەم بکا، تەنیا ژمارەیەکیشی لێدەرنەکرا. زانکۆکەی بڕیار درا بو بکرێتەوە، بوە دوو خولی کورت بۆ کرێکارانی محەلی و بەس. ژمارەیەکی زۆر کەمی نامیلکە و بلاوکراوە دەرکران. سەرەنجام ئەنجومەن پێش کۆتایی سالّی ١٩٢١ لە چالاکی کەوت و، لەسەرەتای سالّی دوایی دا بڕیاری هەلّوەشاندنی درا ٣٢ / ٢٣٠.

حکومەتی سۆڤیەتی بە ڕابەری لینین، کە تێگەیشت ئایدۆلۆجیا داد نادا، پشتی کردە گەلان و بای دایەوە بەلای حکومەتە چەوسێنەرەکانی خۆرهەلات دا. بۆ چاوبەستەکیش، بە ناوی ( گەلانی خۆرهەلات)ەوە پەیوەندی لەگەلّ ئەبەستن، لەم بارەیەوە بۆنداریفسکی ئەلّێ :

(( مۆسکۆ لە شوبات- ئازاری ١٩٢١ دا پەیماننامەی لەگەلّ هەریەك لە ئێران و ئەفغانستان و تورکیا ئیمزا کرد. ئەمە بایەخێکی زۆر گەورەی بۆ گەلانی خۆرهەلات، بە گەلانی عەرەبیشەوە هەبو(چونکە) یەکەمجار بوو لە مێژووی ڕوسیا دا دەولّەتێکی ئەوروپی پەیماننامەی هاوتا و دۆستانە لەگەلّ دەولّەتانی خۆرهەلات ئیمزا بکا. وە لە پراکتیکیش دا، بیروباوەڕی مەزنی لینین، بیروباوەڕی دۆستایەتی لەگەلّ گەلانی خۆرهەلات، تەئکید بوو.)) ٢٧٤/٣٠.

لە ڕاستیدا ئەم بۆچونە ، بۆچونێکی نادروستە چونکە (( دەولّەتی سۆڤێتی ئەگەرچی هانی گەلانی ڕۆژهەلاتی ئەدا بۆ خەبات دژی ئیمپریالیزم، لە پێناوی سەربەخۆیی و مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنوسی خۆیان دا، بەلاّم هەلّسەنگاندنی هەلّوێستی سۆڤێتی لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ناوچەکە کە ئەوان بەئاشکرا هانیان ئەدان و، لە

دەوڵــەتانی ناوچــەکە کــە ئــەوان بــە ڕەسمــی پەیوەنــدی باشــیان لەگــەڵ دائەمەزراندن، دەری ئەخەن، ئەوە زۆرتر لایەنی پڕوپاگەندەی هەبووە.)) ٢١٨/٤، بەڵگەی زینـدوی ئـەم ڕاسـتی‌یەش ئەوەیـە کـە ئیمـزا کردنـی ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا و ئێران ، ئەم دوو دەوڵەتەی لە هەڵوەشان پاراست و، هەردو حکومەتی کەمالی و قاجاری بوژانەوە و زاڵی کردن بەسەر کەند و کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمیان دا. بەوەش چارەنوسی" کورد و ئەرمەن و ئازەر و بلوچ و عەرەبی خوزستان، ڕەش داگەڕا و، تا ئێستاش ئەم گەلانە باجی نەگبەتی ئەو سەردەمە ئەدەن.

لە ڕاستی دا هۆیەکی گرنگی نزیك بونەوەی ڕوسیای سۆڤێتی لە ئێران تەماحی بوە لە دەسگرتن بە سەری دا، لەم بارەیەوە (تریانوسکی) لە ساڵی ١٩١٨ لە ڕۆژنامەی (فستاکی رۆستا) دا نوسیبوی((..........بۆ ئەنجام دانی شۆڕش لە خۆرهەڵات، لەسەر ڕوسیای سۆڤێتی پێویستە یەکەجار بە دەسگرتن بەسەر ئێران دا دەست پێ‌بکا.........ئەم ئێرانە کلیلی ڕاستەقینەی شۆڕشی خۆرهەڵاتە و بە هەر نرخێك بوە ئەبێ لە ناو دەستی ڕوسیا دا بێ...... ئێران ئەبێ بۆ ئێمە بێ.... پێویستە ئێران ببەسترێتەوە بە شۆڕشەوە)) ١٢/٣٩، ڕوسیای سۆڤێتی بەو نیازە، واتە بە نیازی بەرژوەندی تایبەتی خۆی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران بەستوە. ئەگەر شیوعی‌یەکیش ڕەخنەی لەم سیاسەتە گرتبێ لە ناو براوە.

ئەبولقاسم لاهوتی لەم بارەیەوە ئەڵێ(( لەبەر ڕۆشنایی ئەوڕاپۆرتانـەدا کە دواتر دیمن و ڕونیـان ئـەکردەوە کـە زۆرجـار لـە قسـەکانی دا ڕەخنـەی توندی لە سیاسەتی ڕوسیا گرتوە، ئەتوانم حوکم لەسەر چارەنوسی بـەڕێز-

دهکـان- بـدەم. جارێکیـان وتـی: ڕوسـیا لـە کـاتی پێویسـت دا دەسـتی یارمەتی بۆ کرێکارانی ئێران درێژ نەکردوە، لە لایەکی تریشەوە سیاسەتی لەگەڵ ڕەزا خـان ناڕاسـت بـووە. لەبـەر ئـەوە بـڕوام وایـە کـە دامـەزراوەی کەی.بی.ئو. لە ناوی برد)) ٢٥/٣٩.

(( سۆڤێت لە سیاسەتی دەرەوەی دا دروست کردنی پەیوەنـدی باشـی بازرگانی، ئابوری، فەرهەنگی، جەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە بێ گـوێ دانـە سروشـتی ڕژێمـەکانی و هەڵوێسـتی ئـەو ڕژێمانـە لـە گەلەکانیان، بە تایبەتی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسـێی لای خـوارویدا، لـە پلەی یەکەمی گرنگی دا دانابوو، نەك لەگەڵ گەلانی ناوچـەکە. لـە ئـازادی مـافی بڕیاردانی چارەنوس و مـەبەستی مـافی دەوڵەتان بو، نـەك گـەلان)) ٢١٨/٤. ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتنانەی ڕوسیای سۆڤێتی لەگـەڵ تورکیـا و ئێران ئیمزای کردون، ئەم ڕاستی‌یە بەرجەستە ئەکەن: لـە فەسـڵی یەکـەمی پەیماننامەی دۆستایەتی ئێران و شورەوی دا، لایەنی سۆڤێتی دانـی بـەوەدا ناکە میللەتی ئێران( میللەتێکی سەربەخۆ و بەختیار بووە) لـە حاڵێکـدا لە واقیع دا وا نەبووە، چونکە لە کاتی ئیمزا کردنی ئەم ڕێکەوتننامەیـەدا گـەلانی" ئـازەر و کـورد و شۆڕشـی جەنگـەڵ و بزوتنـەوەی خۆراسـان لـە حکومـەتی کۆنەپەرسـتی قاجارەکـان ڕاپـەڕی بـون و داوای: ڕوخانـدنی حکومـەتی شـاو دامەزرانـدنی سیسـتمی (کۆمـاری) و (کۆمـاری سۆسیالیستی) و (خود موختاری) یان ئەکرد.

سۆڤێت لـە سیاسـەتی دەرەوەیدا هـەر گـەلانی دراوسـێی نـەکردوە بـە قوربـانی پەیوەنـدی باشـی بازرگـانی و ئـابوری، لەگـەڵ دەوڵـەتانی کۆنەپەرستی ناوچە، بەڵکو پەیوەنـدی باشـی ئـابوری و بازرگـانیی لەگـەڵ دەوڵەتە سەرمایەدارەکانیش، زۆر بەرز تر لە کۆمـەکی مـادی و مەعنـەوی بۆ بزوتنەوەی کرێکارانی ئەو وڵاتانە ڕاگرتووە:

له دوای جەنگی جیهانیی یەکەم لە ئەورووپا بزوتنەوەیەکی کرێکاری مەزن لە خەبات دا بوو، کەچی لینین هەرچەند بە قسە و دروشم لەگەڵ داواکانیان بووە، بەڵام بە کردەوە یارمەتی سەرمایەدارانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمەریکای داوە. لەم بارەیەوە گ.ف.چیچرین ی وەزیری دەرەوەی سۆڤیێت لە سەردەمی لینین دا ئەڵێ: ((... لەم بوارەدا فلادمیر ئیلتیش بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی هەست پێکراو پلانی دارشت بۆ راکێشانی سەرمایەی بێگانە ودانی ئیمتیازاتی گەورە پێ ی. لە کۆتایی دا لە یەك کاتدا پرۆژەی دانی ئیمتیازات بە سەرمایەی بێگانەی پێشکەشی، حکومەتی ئەڵمانی و، دۆستە ئەمەریکاییەکەمان" عەقید رێمۆند رۆبینس کرد، کە لەگەڵ خۆی بردی بۆ ئەمەریکا.))٣٢/٢٢١-٢٢٢.

چیچرین هەر لەم بارەیەوە ئەڵێ(( بە شێوەیەکی گشتی ڤلادمیرئیلیتش موبرانە بەرگری لە رێکەوتنی بازرگانی لەگەڵ ئینگلتەرە ئەکرد. لەگەڵ هەوڵی زۆری بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەر فێڵمان لێ نەکا...... کاتێك یش کە هاورێ کراسین لە ناوەراستی ساڵی ١٩٢٠ دا لە لەندەن گەرایەوە و چوار مەرجەکەی لوید جۆرج ی لەگەڵ خۆی هێنایەوە، ڤلادمیرئیلیتش وەك چوارچێوە و بناغەی دان و ستان قبوڵی کردن))بروانە ٣٢/٢٢٦.

چیچرین لە جێیەکی تردا ئەڵێ(( هەر لە سەرەتاوە ڤلادمیرئیلیتش بایەخێکی زۆری دا بە، بەستنی هاریکاری ئابوری لەگەڵ سەرمایەی ئەڵمانی))بروانە ٣٢/٢٢٧.

بەم شێوەیە دروست کردنی پەیوەندی باشی بازرگانی، ئابوری،

فەرهەنگی و جەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و تەنانەت دەوڵەتانی کۆنەپەرست و ئیمپریالیستیش، بێ گوێدانە سروشتی سیاسی ڕژێمەکانی و هەڵوێستی ئەو ڕژێمانە لە گەلەکانیان وبزوتنەوە کرێکارییەکان، هەر لەسەردەمی لینینەوە(( بووە نەریتێکی نەگۆڕاوی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤێتی و تا داڕوخانی یەکێتی سۆڤێت ژیا)) بڕوانە: ٤/٢١٨

## ئەنجام:

١ - ئەگەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕوی نەدایە و پەیمانی ١٩٠٧ ی نێوان بەریتانیا و ڕوسیا و، پەیمانی سایکس بیکۆ جێبەجێ ببونایە، تورکیا و ئێران هەڵئەوەشان.

٢ - بە هۆی قەومانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سیاسەتی (بەرژەوەندی خۆ)ویستانەی سۆڤێتەوە، کورد و ئەرمەن و ئازەر و بەلوج و عەرەب، بە زۆر لە چوارچێوەی ئێران و تورکیادا لە قاڵب دران و چارەنوسیان ڕەش داگەڕا.

٣ - تەفسیری ئایدیۆلۆجیی چەوت و هەڵەی بەلشەویکەکان و هاوڕێبازەکانیان گورزی کاریگەری لە چارەنوسی گەلانی ئێران و تورکیا وەشاند.

٤ - شۆڕشی ئۆکتۆبەر کارکردی مەعنەوی لەسەر جوڵانەوەی گەلانی خۆرهەڵات هەبوە بەڵام"

٥ - شۆڕشی ئۆکتۆبەر و حکومەتی سۆڤێت هیچ یارمەتییەکی مادی و مەعنەوی و عەسکەرییان پێشکەشی ئەم گەلانەی خۆرهەڵات و بزوتنەوەکانیان نەکرد تا بگەنە ئەنجام. بە پێچەوانەوە یارمەتی و کۆمەکی مادی و مەعنەوی و عەسکەری زۆریان پێشکەشی هەردوو حکومەتی

ئێران و تورکیا کرد بۆ سەرکوت کردنی بزوتنەوەی دیموکراسی و ڕزگاریخوازی گەلانی ناو ئەم دوو دەوڵەتە؛

٦ — کەواتە ئەو بۆچوونەی ئەڵێ: شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو بە پشت و پەنای شۆڕشی گەلانی ئازادیخواز و، بزوتنەوەی کرێکاری وڵاتانی سەرمایەداری، هەڵەیەکی مێژوییەو، پێویستی بە ڕاسنکردنەوەیە.

٧ - شوێنی جوگرافی و فاکتەری جیوپۆلەتیك ڕەنگی سیاسەتی دەرەوەی لینین و دوای لینین یان ڕشتوە نەك ئایدۆلۆجیا.

٨ - لینین حەقی خۆی بووە لە پێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەی ڕوس و دەسەلاتی سۆڤێت دا بەو شێوەیە سیاسەتی کردوە. بەڵام ئەوانەی لەم ڕاستییە تێناگەن، یان نایانەوێ تێی بگەن، ناحەقییەکی زۆر لەگەلەکانیان و وڵاتەکانیان ئەکەن.

## سەرچاوەکان:


١ - احمد، د. کمال مظهر، ئۆکتۆبەر ومەسەلەی کورد، برایەتی، گۆڤار، پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکا، ژ /٩ ،س ١ ،خ ٢ کانونییەکەمی ١٩٧٠.

٢- ئەحمەد، د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی وشوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕیزانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.

٣ - ئەحمەد، د. کەماڵ مەزهەر، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، چاپخانەی کۆڕیزانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

٤ - امین، صالح محمد، کورد و عەجەم: مێژوی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی یەکەم ١٩٩٢.

٥- هاوار، محەمەد ڕەسوڵ، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان- بەشی دوەم، بلاك ڕۆز- لەندن ١٩٩٢.

٦- حمه خورشيد، د.فؤاد، هەولدانێك بۆ تێگەیشتنی کێشەی کورد لە سیڤەرەوە بۆ لۆزان، ڕەنگین، بەشی یەکەم، ژ ۷۹ ، بغداد ۱۹۹۵.

۷- حمه خورشید، د.فؤاد، هەولدانێك بۆ تێگەیشتنی کێشەی کورد لە سیڤەرەوە بۆ لۆزان، بەشی دووەم، ڕەنگین، ژ ۸۰ ، بغداد ۱۹۹۵.

۸- کەریم، حیکمەت محەمەد (مەلا بەختیار)، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم، چاپی سێهەم- چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ١٩٩٤.

۹ - لازاریف، م.س، کێشەی کورد ۱۹۸٦ — ۱۹۱۷ ، وەرگێڕانی د. کاوس قەفتان، بەشی دووەم، مطبعة. الجاحظ، بغداد ۱۹۸۹.

۱۰ - قاسملو، د. عبدالرحمن، کوردستان و کورد، چاپی کوردی، وەرگێڕانی عبدالله حسن زاده.

۱۱ - شەمزینی، دکتۆر عەزیز، بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە فەرید ئەسەسەرد، چاپخانەی شەهید جەعفەر ۱۹۸۲.

۱۲ - شاوەیس، اسماعیل حەقی، مێژوی نەتەوەکەت- کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان، ڕۆژی نوێ، گۆڤار، ژ ۱ ، س۲.

۱۳ - تەقی، جەلال، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا، چاپخانەی العربیه، بغداد ۱۹۷۰.

١٤ - -خواجه، ئەحمەد، چیم دی- بەرگی۲ ، چاپخانەی کامەران- سلێمانی ۱۹٦۹.

۱۵ - اقایي، دکتر بهمن، غلامرضا علی بابائی، فرهنگ علوم سیاسی ۳ ، چاپ دوهزار، چاپ اول، تهران ۱۳٦٦.

۱٦ - اقایی، دکتر بهمن، غلامرچا علی بابائی، فرهنگ علوم سیاسی ٤ ، چاپ دوهزار، چاپ اول، تهران ۱۳٦٦.

۱۷ - بیات، کاوه، بحران قراباغ، انتشارات پروین، چاپ اول ۱۳۷۲.

١٨ - گبری، احسان، كژراهه- خاگراتى از تأريخ حزب توده، مؤسسة انتشارات امير كبير تهران ١٣٦٧.
١٩ - كسروى، احمد، تأريخ مشروگه ايران، جلد دوم، چاپ چهاردهم، مؤسسة انتشارات امير كبير ٢٥٣٧.
٢٠ - كندال- عصمت شريف وانلي- مصطفى نازدار، كردها، ترجمة ابراهيم يونسي، ضاث ديبا ١٣٧٢.
٢١ - كاتو زيان، دكتر محمد على (همايون)، ترجمة محمد رضا نفيسي و كامبيز عزيزي، اقتصاد سياسي ايران از مشروطيت تا ثايان سلسلة ثهلوي، ضاث دوم، تهران ١٣٧٢.
٢٢ - علي، مهميد محمد، پژوهشي در تأريخ ديپلماسي ايران، ضاث نوبهار، ضاث اول ١٣٦١.
٢٣ - -الطالباني، جلال، الحركة التحررية القومية الكردية.
٢٤ - الحاج، د. عزيز، القضية الكردية في العشرينات، مطبعة الانصار، بغداد ١٩٨٥.
٢٥ - احمد، الدكتور كمال مظهر، دراسات في تأريخ ايران الحديث و المعاصر، مطبعة اركان، بغداد ١٩٨٥.
٢٦ - اليافي، الدكتور نعيم، مجازر الارمن و موقف الرأي العام العربي منها، مطابع الف باء- الاديب، دمشق ١٩٩٢.
٢٧ - الجنابي، د. هيثم، د. رينارد سلطانوف، الاسلام الروسي ظاهرة أم معضلة..؟ النهج ٤، مجلة، صيف ١٩٩٥.
٢٨ - احمد، د. كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محمد ملا عبداكريم، ط٢، دارأفاق عربية، بغداد ١٩٨٤.
٢٩ - احمد، د. كمال مظهر، اضواء على قضايا دولية فى الشرق الاوسط، دار الحرية، بغداد ١٩٧٨.
٣٠ - بونداريفسكى، سياستان ازاء العالم العربي، ترجمة خيرى الضامن، دارالتقدم - موسكو ١٩٧٥.

٣١ - بيشكجي، اسماعيل، رسالة الى الاونيسكو، ترجمة هوشنگ صبري، مطبعة شهيد ابراهيم عزو، سنة الطبع بلا.
٣٢ - جوك، غ.ف. سلوتسكايا، خالد الى الابد، اعداد، دارالتقدم - موسكو، سنة الطبع بلا.
٣٣ - جليل، جليلي وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، دارالرازي للطباعة والنشر والتوزيع، ط١ ، بيروت ١٩٩٢.
٣٤ - وطن الشمس، جريدة سياسية مستقلة نصف شهرية، العدد ٤ ٣/٢/١٩٩٦- ٢٦٩٥ كوردية، اربيل.
٣٥ - زهرالدين، الدكتور صالح، الأرمن شعب وقضية، دار التقدمية - لبنان ١٩٨٨.
٣٦ - حسن، ملا، حول اتفاقية لينين- اتاتورك، الآتحاد- الصحيفة المركزية للآتحاد الوطنى الكردستانى، العدد ١٣٣.
٣٧ - محمود، محمود اسماعيل، عودة الى العقل السياسي للپارتى - انهيار ١٩٧٥، الآتحاد- الصحيفة المركزية للآتحاد الوطنى الكردستانى، العدد ١٣٠ .
٣٨ - لازاريف، م.س، المسألة الكردية (١٩١٧ - ١٩٢٣)، ترجمة د. عبدي حاجي، دار الرازي، ط ١ ، بيروت ١٩٩١.
٣٩ - لاهوتي، ابوالقاسم، خنت وطني، ترجمة عن الفارسية السيد جواد الحسينى، مكتبة الامل، مطبعة الرابطة، بغداد ١٩٥٦.
٤٠ - مصطفى، احمد عبدالرحيم، في أصول التأريخ العثماني، دار الشروق، ط١ ، ١٩٨٢.
٤١ - نيكيتين، باسيل، الآكراد اصلهم، تأريخهم......، نقله الى العربية طائفة من الكتاب، دار الروائع، سنة الطبع بلا.
٤٢ - عوني، درية، عرب و اكراد خصام أم وئام، دارالهلال ١٩٩٣ ، نسخة مستنسخة.
٤٣ -علي، د.حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية منذ بدايتها حتى عام ١٩٩١ ، كلية التربية- بورسعيد- جامعة قناة السويس، نسخة مستنسخة.
٤٤ - عربش، سمير، ارمينية أرض و شعب، مؤسسة دار الريحانى، بيروت

١٩٩١.
٤٥ – قاسملو، الدكتورعبدالرحمن، كردستان والأكراد- دراسة سياسية و اقتصادية، المؤسسة اللبنانية للنشر، ١٩٧٠.
٤٦ – رضا، محمود، نعم، وقع البلاشفة معاهدة صداقة و تعاون مع اتاتورك، الآتحاد- الصحيفة المركزيةللآتحاد الوطنى الكردستانى، العدد ١٣٩.
٤٧ – رسول، فاضل، من تأريخ الحركة الثورية في ايران، المطبعة بلا، سنة الطبع بلا، نسخة مستنسخة.
٤٨ – شريف، د.عبدالستار طاهر، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨ - ١٩٥٨، مطابع دار الشؤون الثقافية ١٩٨٩.
٤٩ – خوشناو، ابوبكر، حول اتفاقية لينين - اتاتورك ايضاً، الآتحاد- الصحيفة المركزيةللآتحاد الوطنى الكردستانى، العدد ١٣٤.
٥٠ – خليل، الدكتور ابراهيم و أخرون، تركيا المعاصرة، جامعة موصل - مديرية دارالكتب ١٩٨٥.